# ڕیفۆرم بەمەبەستی چاکسازی

**ڕێبەندانی** 1385 **ی هەتاوی**
**زستانی** 2006 **ی زایینی**
**نوسینی** : **خدر مەرەسەنە**

چاپی یەکەم
بەهاری 2007

پێشەکەشە
بەجیلی ئێستاو نەوەکانی دوواڕۆژی گەلەکەمان و سەرجەم
نوێ خوازانی نێو بزوتنەوەی میللی دیموکراتی کوردستان

## پێشەکێکی کورت و بابەتی :

لەم چەند گوتارانەدا کەبەمەبەستی چاك سازی وپێداچونەوە لەمەڕ دۆزی سیاسی کورد لەپانتایی سیاسەتی نێوخۆیی ونێونەتەوەیدا بۆڕیفرۆمکردن وهەروەها سەبارەت بەنەبونی تیئۆریەکی گشتگیری هۆشمەندانەی نەتەوەیی ڕادیکانەی سەردەم کەبناغەکەی لەسەر بنەمایەکی دیموکراتیانە , لەسەرئاستی کوردستانی بوون و سەلماندنی پێناسەی کوردی دانەمەزرێندراوە کەهەمیشە حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردی خۆیان لەم پرۆسەیە نەدیتۆتەوە, وەك دیاردەو پرۆسەیەکی نوێ لەمێژووی ژیانی نەتەوەکەماندا دەکەینە بابەتێك و وەك چەپکەگوڵێکی ڕازاوە لەگەڵ کۆمەڵەپێشنیارێکدا پێشکەش بەڕۆڵە شۆڕشگێڕەکانی ئێستاو چین و تووێژەکانی داهاتووی گەلەکەمی دەکەم. هیوادارم توانیبێتم لەم ڕێگایەوە شرەیەکم پینەکردبێ و برینێکی چوکەڵەم لە زامە گەورەکانی جەستەی چەندجار بریندارکراوی گەلەکەم دەرمان کردبێت, بەشێوەیەك کەبنچینەی خەبات و تێکۆشانی , تێکۆشەرانی کورد لەسەربنەمایی نەتەوەیی و دیموکراسیەت و باوەڕهێنانی بەمافی چارەنووسی نەتەوەکەمان دامەزرابێت و وەلأمدەرێك بێت بۆ ئەم قۆناغە نوێیەی کەگەلی کورد تێیدایەتی و پێیدا تێپەڕ دەبێت . دیارە لەم نامیلکەیەدا کەباسی لەڕیفرۆرم دەکەم , یان باسی دامەزراندنی بەرە یا ئۆرگانێکی هاوبەشی یەکێتی نەتەوەیی دەکەم, بەهیچ شێوەیەك مەبەستم ئەوەنییە ئامۆژگاری حیزبە کوردستانیەکان بکەم و بڵێم ئەوان نەیان توانیووە ڕۆڵی خۆیان لەبزوتنەوەدا ببینن, بەڵکو بەپێی ئەو ئەزمونانەی کەزیاتر لەماوەی چل و پێنج ساڵ خەبات لەحیزبی دیموکرات و بزوتنەوەی کورد لەباشور لەساڵانی (1963) هەتا ئێستاش بەدەستم هێناوە بەوئاکامە گەیشتووم کە حیزبەکانی کوردستان پێویستیان بە پێکهێنانی یەکیەتیەکی نەتەوەیی هەیە بۆهەر چەشنە بەرهەڵستکاریەك لەگەڵ پیلانەکانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و نەتەوە باڵادەستەکان و هەروەها یەك

هەڵوێستــی سیاسی لەئــاست دۆست و دووژمنانی دا هەیــە,بەومەبەستە لەڕێگای نوسینــی ئەم چەند گوتارانەدا هەوڵەکانی خۆم دەخەمەگەر لەپێناو جێبەجێکردنی ئـــەم بابەتانەی کەلەم نامیلکەیەدا دەخرێتە بەردیدو بـۆچوونی تێکرای حزبە کوردیەکان و کۆمەلأنی خەڵکی کوردستان بەگشتــی کـەلەرێگای ڕیفۆڕم کردنەوە دێتە ئەنجامدان و گەلی کوردستان دەتوانێت پێی بگات .

تێڕوانین و باسێك لەسەر نەبوونـی بیرۆکەی د یدی کوردی و دەسپێکردنــی ڕیفۆڕمێکی نوێ بەمەبەستی گەشەپێدانی بیری ڕادیکالأنەی ناسیۆ نالیزمی دیموکراتێکــی کورد,لـەغیابی بیری نەتەوەیداو, هەروەها ئـاکام و دەرئەنجامەکانــی لەڕوانگەی خۆمانــەوە , بەپشت بـەستن بەچۆنیەتی ڕووداوەکانــی نێو بزوتنەوەی کورد هەڵدەسەنگێنین و دەیخەینە بەر بیرو بۆچونی خوێنەرانی بەڕێزو هۆگرانی ڕێگای ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان بەگشتی حیزب و رێخراوە سیاسی و پێك هاتەکانی کوردی بەتایبەتــی .

ڕێبەندانی 1385 ی هەتاوی

زستانی 2006 ی زایینی

نووسینی خدر مەرەسەنە

ئــەم گوتارە لەڕۆژنامەی کوردستان ڕاپۆرت ژمـارە ( 108 )

**26 ی تشرینی دووەم - 2006 ی زایینی چاپ و بلأو کراوەتەوە و**

**گەیشتۆتە دەستــی بەشێك لەخەڵکی ئازاد خوازی کوردستـــان**

***گوتاری یەکــەم :***

**«غیابی بیرۆکەی دیاری نەتەوەیــی لـــە تیئوری پارت و**

**ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستانداو ئاکام و دەرئەنجامەکانی»**

بــەدرێژایی مێژووی نەتەوەی کورد لــە لایەن شۆڤێنستی فارس و تورك و عەرەبەوە چەوسێنراوەتەوەو بـەردەوامیش دەچەوسێنرێتەوەدەسەلأتدارانی ســەردەم لەهەموو قۆناغەکانی دەسەلأتی کۆنەپەرستانەو ڕەشــی خۆیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا لەهەر بەرگێکدا بووبن و لەژێر هەر تیئۆریەکدا حکومەتیان کردبێت حاشایان لەمافە سیاسی و نەتەوایەتیەکانی خەڵکــی کوردســتان کردووەو دانیان بــەهەبوونی کورد دانەهێناوەو هەموو ویست و داخوازیەکانی ئەو گەلەیان بەتووندو تیژی و بەچەکی جۆراو جۆرو کۆمـەڵ کوژ وەلأم داوەتەوە .

لـەهەمان کاتــدا دووژمنان بەیەکەوەش بـۆ لەناو بردنی کورد پیلانـــی هاوبەشیــان هـەبووە. لـەلایەکی دیکەشـــەوە بیرۆکەی خود موختاری و فیدراڵــی, یان مافی فەرهەنگی وخود گەردانــی بـەســـەر بیروو تیئوری ڕادیکالأنەی ناسیۆ نالیزمی کوردیـدا زاڵبووەو درووشمــی عێراقیەتــی و ئێرانییەتی بۆتــە ووتەی سەرزاروو زمانی بەشێك لەڕێبەرانی کوردو بیری نەتەوەیی کوردی داپۆشیوەو بزوتنەوەی ڕەسەنــی کوردی خەوشدار کردووەو لـەڕێبازی کوردایەتی لای داوە. هەر بۆیەش داگیرکەرانی کوردستان لـــەم بارەوە دەستیان ئاواڵە کراوە و هەموو جارێك لە وتوو وێژو دانیشتنەکانـدا لەم چوارچێوەدا هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کوردو پارتە سیاسیەکاندا کردووە، بۆنمونە حکومەتی قاسم لەعێراق و دوواتر بەعسیەکان وهەروەها لەئێران ڕژێمــی شاوو دواتریش ڕژێمــی کۆمــاری ئیسلامی کەهات جێگای رژێمی سەڵتەنەتــی گرتــەوە, هەرهەموویان لـەچوارچێوەی ئــەم فەرهەنگــە سەپێنراوە بەسەر کورددا وتووێژیان لەگەڵ پارتە سیاسیەکانی کوردستــان کردووە . بەتایبەتی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لەژێر کاریگەری ئــەم درووشمانەدا کەڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات کوردستانی ئێرانـــە دەیان گووت و

دوپاتیان دەکردەوە: ئێمە خۆمان پێ لەهەموو ئێرانیەك ئێرانــی تره هەڵسووکــەوتیان لــەگەڵ شۆڕشگێڕانــی کورد دەکرد. سەرکردەکانـی کوردیش بێ پرسی کورد درێژەیان بەم سیاسەتە نانە تەوەیانە دەدا .

لەلایەکی دیکەشەوە سیاسەتی شۆڤێنستانەو دژ بەمافەکانی مرۆڤی,ڕژێمی ئاخوندەکان کەهاتنە سەرکار یەکەم هەنگاویان بــەنێوی ئیسلام و دین ئەوەی کەهەمووەمان موسڵمانین,بۆ لەناوبردنی و توانەوەی گەلی کورد لــە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هــەموو ڕێبازێکی نامرۆڤانــەو نادیموکراتیانەی گرتەبەروو پەیڕەوی کرد, ئیتر بەم جۆرە رژێم تووانی بەشێك لەخەڵکــی ساویلکەو نەخوێندەوارو ویشکی مەزهەبی و ناهۆشیاری سیاسی لەکوردستان بەنێوی تیئوری ئایینی ئیسلام بەلای خۆیدا ڕاکێش بکات , نموونەی تریش ڕژێمی بەعسی و سەددامی دیکتاتۆر بوو, بەڕوخانی ئەویش سەرەڕای ئــەو هەموو شەهیدو قوربانیدانەو ئەنفال و کیمیا باران ولێدان و ماڵ کاولیەی گەلەکەمان و سەرەڕای ئەو هەمــوو خزمەتانەی کــەپارتەکانی کوردستان بەئۆپوزسیۆنی عێراقی کردیان وبەشیعەو سوننە وقەومی عەرەب وئیسلامی و نائیسلامیەوە,کێشەی کورد جارێ بە چارەسەرنەکراوی ماوەتەوەو لەلایەن نان خۆران و دۆستانــی دوێنێی کـــورد وەبەرهەڵستکاری لەگەڵ دەکرێ و داواکانیان دەخرێتە پشت گوێ و لەژێرەوە لەگەڵ دەوڵەتانی تورك و فارس ورژێمی بەعسن لەسوریا دژی کوردان بۆلەناو بردنی مافەکانی کورد پیلانـی هاوبەش دەگێڕن و تەنانەت مافی فیدراڵیش پێڕەو نابینیت.بەم شێوەیە لە هەمووﻻیەکــەوە داگیرکەرانــی کوردستان , کوردو کوردستان بەموڵکیەتی عەرەب دادەنێن. لــەولاشەوە فارس و تورکەکان وەك هەمیشــە بەرامبەر بەویستەکانی گەلی کورد ڕادەوەستن و ڕەفتاری نادیموکراتیانە لــەگــەڵ گەلەکەمان دەکــەن. بــەداخەوە لەبەرامبەریشــدا حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردســـتان تا ئەمڕۆش لەگەڵدابێت بیری نەتەوەییان وەك تیئور نەکردۆتە بناغەی خەبات و تێکۆشانــی خۆیان و هەرکام لــەوان بەبەرزکردنــەوەی ئایدۆلۆژییەتــی جیاجیای وەك کۆمینیزم و سوسیال دیموکراسی غەربی و چەپ و راستــی نانەتەوەیی و لەسەرڕوی ئەوانیش دامەزراندنی چەند حیزبی ئیسلامی سیاسی کە مەعلوم نیە میللەتی کـــورد بەرەو کام هەڵدێرگەیەك ڕادەکێشن درێژەیان بەخەبات داوەو بەردەوامیش ئەم شێوە سیاسەت و حیزبایەتیە پەرەپێدەدەن و حیزبەکانیش لەسەریەك ستراتیژیەتی هاوبەشی نەتەوەیی بەیەکەوە کۆك وساغ نەبوونەوە . کەئەوە وەك نەگبەتیەك شان وپیلی میللەتی ئێمەی گرتووەو تائێستابەری نەداوە هیوادارم کوردیش وەك نەتەوەکانی دیکەی دنیا لــەسەریەك ڕێبازی سیاسی ساغ ببنەوە. لەماوەی ئــەم چەنــد ساڵانەدا ئەوەندەی کەحیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کوردستان هەوڵیان داوەو هەوڵدەدەن بــۆ سەپاندنی دەسەڵات بەسەر یەکتریدا, نیو ئەوەندە هەوڵیان نەداوە بیرەجیاوازەکانیان بکەن بەیەك و هەم دڵــی خەڵکــی کوردستان لەخۆیان ڕازی بکەن و هەم لەئاست دەوڵەتانی داگیرکەرو نەتەوە باڵا دەستەکانی وەك فارس و تورك و عەرەب بەیەك دەنگ و بەیەك هەڵوێست بکەن و لەبەرامبەریاندا ڕابوەستن. ئەم شێوە سیاسەت و حزبایەتیە وەك فەرهەنگ ڕیشەی لــەنێو حیزبەکانی کوردستانیدا داکوتاوە. بەتایبەتــی لــەم قۆناغ و ســەردەمەدا پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم بارەوە لــەئاستێکی زۆر نزمدا بیریان لەچارەنوسی دوواڕۆژی کورد کردۆتــەوە بەردەوامیش پەیڕەوی لەم سیاسەت و ڕەوشە حیزبایەتیە دەکەنەوەو هەموو وزەو توانای خۆیان بۆ چوکەڵە کردنەوەی یەکتروخۆسەپاندن بەسەریەکتردا بەکارهێناوەو بەکاری دەهێنن, ئەوان لەبەر کێشەی نێوخۆیان دوژمنــی سەرەکیان لەبیر کردووە, بەداخەوە شتێك کە باوەڕیان پــێ نەبووە پرۆسەی دیموکراسی و پاراستنی سەروەری گەل و وواڵت بووە، لەزۆر بواریشدا کێشەکانیان گەیشتۆتە ئاستی توندوو تیژی و پێکەوە بەشەڕ هاتن و سەنگەر لەیەکترگرتن . تائێستــاش ئــەوحیزب و ڕێکخراوانەی ڕۆژهەڵاتــی کوردستان لەبەر بیرتەسکـــی حیزبایەتــی و لاوازی بیری نــەتــەوەیی و ناهۆشیاری سیاسی یان نەیان توانیووە بیری نەتەوەیی بکەنــە بناغەی تێکۆشانــی خۆیان و بەکردەوە دڵسۆزی کوردستانی بوونی خۆیان بەدووژمنانی کورد بسەلێنن ,بەشێوەیەك کە کورد یەك نەتەوەیەو خاوەنی یەك خاك و نیشتیمانە کەپێی دەگووترێ کوردستان . تەنانەت پارت و ڕێکخراوە سیاسیەکانی باشوری کوردستانیش تائەو دوواییانە لەژێر گوشاری خەڵکی کوردستان و باروودۆخی سیاسی کورد لـــەعێراق ودەرەوەدا وای دەخواست, بەهەمـان شکڵ و شێوە سیاســـەت و حیزبایەتی و شۆڕشیان دەکرد . کە بەپێچەوانەی ویستــی خەڵك هەرکام بەپێیی بیروو خوێندنەوەو

تێگەیشتنی خۆی لەسیاسەت, بۆی چووەو هەوڵیانەداوە, بۆ بەرپەرچدانەوەی پیلانی دوژمنان و لەلایەکی دیکەوە بۆ خۆفەرزکردن بەسەر یەکتردا تێکۆشاون، بەلاّم هیچ یەك لەوان نەتوانیان یەکتر لەمەیدان بەرنەدەرو حساب بۆ یەکتر نەکەن ، نەتوانیشیان بەتەنیایی لەبەرامبەر دوژمنانی کوردو نەیارانی خۆیان کەحیزبە عێراقیەکان ڕابوەستن و نەکاریگەری باش وچارەسەریشیان لەسەر کێشەی کورد هەبێت , تایەکیان نەگرت و بەکردەوە سیاسەتەکانی خۆیان نەکرد بەیەك و دام ودەزگا حکومی و مەدەنیەکانیان لەسەر ڕا بۆ خوارێ تێکەڵ بەیەکتری نەکردەوە سەرکەوتنێکی بەرچاویان بەدەست نەهێناوەو ئەوەی بەدەستیش هاتووە دۆستانی گەلی کورد بەرەسمی دانیان پێدانەهێناوە, بەبۆچونی من پێم وایە ئەوەش هەردەگەرێتەوە سەرنەبونی تیئوری و ستراتیژیەتێکی هاوبەشی نەتەوەیی کە حیزبەکان نەیان توانیووە ڕێبازێکی ئەووتۆ بگرنەبەر کەشیاوی تێکۆشانی گەلێکی ژێر چەپۆکی وەك گەلی کوردستان بێت. ئەوەی ڕاست بێ هەتا ئەو دواییانەش کەکورد لەباشوور ئیحتیاجی بەیەکگرتویی و یەك هەڵوێستی خۆی نەبووە شتێکی وەك خەت و ڕێبازی سیاسی و نەتەوەیی لە نێوحیزبەکانی کوردستاندا فەرامۆش کرابوو کەئەویش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆسەر لاوازی بیری نەتەوەیی و نەبونی ئیرادەی بڕوا بەسەر بەخۆبونی کوردە,کەئەو ئیرادەیەلەجەوهەردا وەك فەرهەنگ لەدەرونی حیزبەکاندا جێی خۆی نەگرتووە, هەربۆیە حیزبەکان کەمتر بیریان لەم مەسەلەیە کردۆتەوە کە چارەنووسی زیاتر لەچل ملوێنی کوردی پێوە گرێدراوە .

لەلایەکی دیکەشەوە کارکردن لەسەر بوواری بەتیئوری کردنی ڕادیکاڵبونی حیزبەکان ونهادی نەکردنی ناسیۆنالیزمی دیموکراتێکی کوردی لەنێوتاکەکانی کۆمەڵگای کوردی بەگشتی و لەنێوپارت و ڕێکخراوەکانیدا بەتایبەتی پاش گوێ خراوەو تاڕادەیەك دەتوانم بڵێم فەرامۆشکراوەو تازە چەند کەسانێك لەرێبەرانی کورد بەرەو ئەو ئامانج هەنگاو هەڵدێنن.

بۆ نموونە: کاتێك چەند مرۆڤێك دەیانەوێت سەفەر بکەن. دەبێ ئەو جێگایەی دەیانەوێ بۆی بچن دیاری بکەن و پاشان هەرکەس لەڕێگایەك کەپێیی باشە بۆ ئەوجێگایە وەڕێکەوێ دەیەوێت بۆی بچێت.بەلاّم بەداخەوە لەکوردستان بەگشتی و لەم سەردەمەدا لەڕۆژ هەلات بەتایبەتی هەرکەس و هەرحیزب و هەرلایەنێك بۆخۆی خوێندنەوەو تێگەیشتنی جیالەو شوێنەی هەیە کەکورد وەك ستراتیژێك یان ئامانج بۆ خۆی دیاری کردووەو دەیەوێ بۆی بچێ,حیزبەکان بەپێچەوانە بۆی دەچن. لەم بارەشەوە حیزبەکان بەگشتی لەکوردستان نەك هەر پرسێکی ئەووتۆیان بەخەڵکی کوردستان نەکردووە کەدەب ولەڕێگای ڕاپرسی و ڕیفراندۆمەوە شێوازی دەسەلاّت و یاساو دەستوور دیاری بکرێ. بەڵکو بۆ خۆشیان لەسەر دیاری کردنی چارەنوسی کورد بۆچون و تێڕوانینی جیاوازیان هەیەو هەر بۆخۆشیان بڕیار دەدەن و لەگەڵ داگیرکەراندا پێك دێن. کەئەمە خۆی لەخۆی دا جگە لەوەی کە ئەهمیەت بەبیروو بۆ چونی خەڵك نەداوەو دیموکراسیەکەش دەخرێتە ژێر پرسیارو بەکرچ وکاڵی بەڕێوەدەبرێت, دەتوانم بڵێم زیاتر حیزبەکان بەقازانجی خۆیان لەم دەسکەوتە کەڵکی لێوەردەگرن، جگەلەوەش یەکێك دەڵێ فیدراڵی.ئەوەی تریان بۆخود موختاریەکەی جاران دێشێو دڵی لێدەداو ڕێکخراوی واش هەیە بەمافی فەرهەنگی ڕازییەو لەم بارەشەوە کەسێك بەنێوی یەکێك لەڕێکخراوەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان بێ ئەوەی پرس بەحیزبەکانی دیکەی کوردستان و خەڵکی تربکات ڕیفۆڕمی خۆی داوە ((کەنێوی کاك صلاحی موهتەدی بەسەرنوسراوەکەوەدیارە))کەچراسەوزێکی بۆ ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران لێداوە بۆ سەلماندنی ئەم باسە بەلگەی زیندووش لەبەردەستدایە ئەگەر پێویستی کرد دەخرێتە بەربیرو ڕای گشتی خەڵکی کوردستان. بەداخەوە لەئاکامی ئەم بۆ چوونە جیاوازانەدا سەر ئەنجام بەشداری کردنی کورد لەسەروەری حکومەت و دەوڵەتانی داگیرکەردا بەچارەسەر دادەنێن.

بەلاّم لەڕاستیدا کام ئامانجە ڕەچاوکراوە کەکورد وەك ستراتیژی دەیەوێ پێی بگات ؟

بەبڕوای من لەم کاتەدا کورد لەباشور پێی ناوەتە قۆناغی خەباتی سیاسی دیبلۆماسی و لەحکومەتی ناوەندیدا بەشێوەی فیدراڵی بەشدارەوچوارچێوەی دەسەلاّتی لەعێراق و کوردستاندا بۆدیاری کراوە، ڕاستە لەم کاتەشدا کورد پێویستی بەڕیفراندۆم و راپرسی گشتی خەڵکی کوردستان هەیە چونکە کێشەی کورد وەك نەتەوە بەپێکهێنانی دەوڵەتی فیدراڵی و بەشداری کرنی لەدەسەلاّتی دەوڵەتی مەرکەزی عێراقدا چارەسەر ناکرێ, بەڵکو بەدامەزراندنی حکومەتێکی

سەربەخۆیی کورد بەسەربەرستی و سەربەرزی خۆی دەگات. بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەم باسە ئاماژە دەکەم بەدەستوری بنەڕەتی هەر وولآت و نەتەوەیەك کەهەیەتی و هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی ئەوولآتانەش لەدەوری ئەودەستووره بنەڕەتیە کۆدەبنەوه . بەلأم کورد تائێستا نەیتوانیوه بەشتێکی ئەوتۆ بگات کە پێناسەو هۆیەتی نەتەوەیی خۆی نیشان بداو چەمکی دەسەلآتی سیاسی خۆی بکات بەیەك و بەیەك هەلۆیست لەئاست دەوڵەتانی داگیرکەردا ڕابووەستیٚ .بۆیەپێویستی کورد بەگشتی و حیزب وڕێکخراوە سیاسیەکان بەتایبەتی بۆئەم مەبەستە تێکۆشانێکی نوێی دەست پێبکات کەئەویش پێی دەگوترێ ڕیفۆڕم بۆ چاکسازی. جائێمە چناوێکی لێبنێین گرینگ نییە دەتوانین مانفێست بیٚ، یان تیئوری نەتەوەیی ڕادیکالیزمی دیمووکراتێکی کوردی بیٚ یاهەرناوێکی تر کەوەلأم دەری خەباتی ڕزگاری خوازانەی ئەم سەردەمەی خەڵکی کوردستان بێت و خەڵکی کوردستانیش ڕەزایەتی لەسەرئەم دیاردە نویٚ یە هەبێت. هەرلەدرێژەی ئەم باسەمان دا بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەم کێشەیەی کەناسیۆنالیزمی کوردی هەیەتی , ئاماژە بەگەلانی یەهود،تورك ,فارس, عەرەب ,دەکەم کەچۆن توانیویانە بەها نەتەوایەتیەکانی خۆیان بەدەست بێنن و حکومەتی سەربەخۆیی خۆیان دامەزرێنن بۆ نمونە : یەهودیەکان بۆچارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەیی خۆیان ,تیئوری زایۆنیزم یان هێناوە, واتا سهیۆئیزم , دامەزراندو هەموو حیزب و ڕێکخراوەکانی یەهود لەدەوری ئەم تیئورییە کۆبونەوە, یان باشتڕەبلێین, کەمال ئەتاتورك, پانتورکیزمی دامەزراندو بەداڕشتنی ئەم تیئوریە نەتەوەییە توانی هەمووحیزب و ڕێکخراوەکان لەدەوری کۆبکاتەوە و گەلی تورك بەئازادی وەدی هێنانی دەوڵەتێکی تورکی بگەیەنیٚ، وە هەروەها ئێرانی سەڵتەنەتی هەرلەسەردەم و دەسەلآتی پاشایان سەفەوی یەکان و هەخامونشیەکان و قاجاری و یەهلەوی و ئەوانی دوواتریش هاتن, بەهەمان شکلۆ شێوەو بەدانانی حیزبی پان ئیرانیزمی ئێرانی و ڕەستاخیزو جەبهەی میلی موصەدیق و تادەگاتە خۆمەینی لەژێر تیئوری ئیسلامی سیاسی دا بەدامەزراندنی حکومەتی ئیسلامی ئێران و ئاین و ئاین زاییەکان و بەکەڵك وەرگرتن لەدروشمی ئێرانی و ئێرانچییەتی و ئەوجار عەرەبی شوفێنی قەومی لەژێر هەر ئایدۆلۆژیەت و تیئوریەکدا,دەسەلآتی شۆڤێنستانەی خۆیان بەسەر نەتەوەی کوردو هەموو نەتەوە قەومیەکانی دیکەی ئەوولآتەدا سەپاندو توانیان چەندین ساڵ حکوم بکەن و وەك نەتەوەی بالأدەست خۆیان بەسەر گەلانی ئێران, عێراق , سورییەو تورکیا دابسەپێنن , لەم نێوەشدا گەلی کورد لەهەموو نەتەوەو کەمایەتیەکانی دیکەی ئەو ولآتانە زیاتر کەوتۆتە بەر شالأوی توندوو تیژی چەکدارانەی ڕژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان, بەردەوامیش داگیر کەران ونەتەوە بالأدەستەکان درێژەبەم سیاسەتە کۆنە پەرستانەو ڕەگەز پەرستانەی خۆیان دەدەن و لەسەرکوردی پەیڕەوی دەکەن و زیاتر خەریکی داڕشتنی پیلان دانان بۆ توانەوەو لەناوبردنی نەتەوەکەمان, ئەوان بەداڕشتنی ئەم تیئوریانە توانیویانە دەسەلآت بەدەست بگرن و ببنە تاقانە دەوڵەتی نەتەوەیی لەو ولآتانەدا , بۆنمونە سەرنج بدەنە یەهودیەکان کەلەهەموو دونیادا بلأوببونەوە،بەلأم هاتنەوەو لەدەوری یەك کۆبونەوە یەکیان گرتەوە ودەوڵەتی خۆیان دامەزراند,ئێستا لەولآتی خۆیان خاوەنی حکومەت و سەروەت و سامانی ولآتی خۆیانن و بەکردەوە سەلماندیان کەدەتوانن خۆیان بەڕێوە بەرن بەلأم کورد لەسایەی حیزب حزبێنەو دوبەرەکایەتی و نەبوونی ئۆرگانێکی هاوبەشی نەتەوەیی .لەولآتی خۆیەتی و تائێستاش هەرپارچەپارچەیە, داگیر کەران کردویانەتەپێنج پارچە, کوردیش خۆی کردۆتە سەد پارچەو کەسیش ئەوەی دیکەی قبولّی نی یەو , هەرپارچە حیزبەش نەوعێك شیعارو دروشمی تایبەتی بەخۆی هەیەو هەرحیزبەش بەڕێگایەك دا کاروانی خۆی بەهەڵدێرو کوێرە ڕێیاندا بەڕێدەکات و تیئوریەتی ئەووتۆی دور لەبیری نەتەوەیی داڕشتووەو خۆیان وکوردیان لەچارەسەرێکی نادیار داهێشتۆتەوە ئەوان نەیان توانیووە تیئوری خۆیان لەسەر ئاستی ستراتیژیەکی دروستی نەتەوەیی و دیموکراسی و ڕادیکالأنە دابڕێژن بۆ ئەوەی نەتەوەکەیان لەژێر دیلی کۆیلەتی دەربازبکەن و بیگەیەننە قۆناغی سەربەخۆیی بوون .

زۆر جارانیش هەست بەوەکراوە کەدەبیٚ حیزبەکان بۆئەومەبەستە (بەرە) ئۆرگانێکی هاوبەش پێکبێنن . بەلأم بەداخەوە لەبەرکێبڕکێو دەمارگرژی و دەسەلآت خوازی بەشێك لەحیزبەکان کەهەستی شەپۆل سواریان زاڵبووە بەسەر هەستی شۆڕش گێڕی نەتەویدا , ئەم ڕەوتە نەگەیشتۆتە ئاکام هەمیشە هەوڵەکان لەچوارچێوەی درووشم دا ماونەوەو لەپراتیکدا

خراونەتەپاش گوێ و زۆرجاریش پێچەوانە بونەوە , بەم جۆرە ئەم هەوڵ و هەڵسوڕانەش ئەنجامێکیان نەبووە هەتا خەڵکی کوردستان دڵیان پێ خۆشبێت و لەدەوری کۆببنەوە . ئێستاش کەلەباشوری کوردستان لەسایەی خوێنی شەهیدان و خەبات و تێکۆشانی پارت و ڕێکخراوەکان و ڕاپەڕینی کۆمەلآنی خەڵك لەو بەشە دەسکەوتێك لە چوارچێوەی فیدراڵیەتدا سەلمێنراوە بەداخەوە سەرەڕای هەموو فیداکاریەکانیان و هەموو گیرو گرفتە ناوخۆیی ولاوەکیەکانیان, لەبەرنەبونی چاوەدێریەکی دڵسۆزو دیموکرات و لەهەمان کاتدا دادپەروەروو دەسەلآت پێدراو کەخاوەن بڕیاری سیاسی بێت وەك پێویست نەتوانراوە ئەوچەمکی دەسەلآتە دیاری بکرێت و بەپاراستنی مافی یەکسانیەوە نیازو پێداویستیەکانی سەرجەم کۆمەلآنی خەڵکی کوردستان بەشێوەی گشتی و بەبێ جیاوازی دابین بکەن و بەبێ جیاوازی, ژیان و ژینگە بۆهەموو دانیشتوانی کوردستان مسۆگەر بکەن , بۆیەپێویستە چەمکی دەسەلآتی سیاسی کورد بە ڕابردوی خۆی دابچێتەوەو بەمۆدیلێکی نوێووە ئەرکەکانی خۆی لەهەمبەر کۆمەلآنی خەڵکی کوردستان بەجێ بگەیەنێ و هەم ئۆرگانێك وەك وتەبێژی حکومەنی هەرێم دیاری بکات. وەهەروەها لەوەش گرینگتر ئەوەیە کەکۆمەلآنی خەڵکی کوردستان دەبێ لەم قۆناغەدا لەهەموو بارێکەوە پابەندی بڕیارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بن و ئیلتیزام یان هەبێ بەیاساو دەستورو پارلەمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەر بۆیەپێویستە دەسەلآتی سیاسی کورد بەپێدا چونەوەیەکی فۆڕمی بۆ چارەسەرکردنی نیازو پێداویستیەکانی خەڵکی خۆیان دەبێ ڕیفۆڕۆم بکاو بەشێوەیەك کەڕەزایەت بەخەڵکی کوردردستان بنێ کەبێتەپشتیوانی هەتا هەتایەی حکومەتەکەی خۆیان و پەیڕەوی لەیاساو دەستوری پەرلەمانی کوردستان بکەن, کەهەموو کوردێك شانازی پێوە دەکات و دڵی پێی خۆشە , هەرلەم ڕوانگەشەوە خەڵك چاوەڕوانی لێ هەیە کەنیازەکانیان بۆ دابین بکرێ . بەبڕوای من لەم کات و سەردەمەدا بەبەرچاوگرتنی دۆزی کورد لەئاستی ناوخۆیی ودەرەوەدا چەمکی دەسەلآتی سیاسی کورد لەهەموو بوارێکدا بۆ نەهێشتنی گەندەڵی ئیداری و هەرجۆرە نابەراییەك لەهەموو شتێك زیاتر پێویستە بەبەخۆدا چوونەوەیەکی زانستیانەی هاوچەرخ هەیە , کەئەویش بریتیە لە خزمەتکردن بەخەڵکی کوردستان تا بتوانین سەرنج یان زیاتر بەلای خۆیاندا ڕابکێشن ئەوان بەداهێنانی ستراتیژیەتی نوێی نەتەوەیی بەشێوەی ڕادیکالآنەو دیموکراتیانەو زەفکردنەوەی تیئوری ناسیۆنالیزمی دیموکراتێك کە بریتیە لەپێکهێنانی یەکیەتی نەتەوەیی بەداین کردنی نیازەکانی خەڵك دەتوانرێ وەلآمدەری ئەم قۆناغە خەباتەی سەرجەم کۆمەلآنی خەڵکی کوردستان دەبێت ئەوکات هەموو کوردێك شانازی بەم دەسەلآتە سیاسیەی کوردستان دەکات وپشتیوانی لێ دەکات. پێم وایە ئەگەر ئێمەی کورد بەتیئوری و ستراتیژێکی نەتەوەیی خۆمان بگەین, هەروەك فارس وتورك وعەرەبەکان و لەسەروی ئەوانیش یەهودیەکان , پێگەیشتوون , بێگومان گەلی کوردیش دەتوانێ ئەم قۆناغە ببڕێ کە ساڵەهایە گیری تێدا کردووەو بگاتە قۆناغی سەر بەخۆی بوونی خۆی و وەك هەموو گەلانی دیکەی دونیا بەمافە سیاسی یە ئابووری و کۆمەلآیەتیەکانی خۆی شاد بێت و لەچوار چێوەی حکومەتی سەربەخۆی کوردستاندا ئەمنیەتی گیانی و ماڵی دابین کرابێ ئیتر بەم شێوە کێشە نێوخۆیی و لاوەکیەکانی دێنە چارەسەرکردن و هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی کورد,ئەوانەی کەڕۆڵیان هەبووە لەشۆڕشی شاخ و شارداو هەروەها بەهەموو کەسایەتی و تاکەکانی کۆمەڵگاشەوە دەگەنە ئامانجەکانی خۆیان و کوردستانیش دەبێتەماڵ و موڵکی هەموو کوردێکی نیشتیمان پەروەرو ئازادی خواز کەبڕوای بەسەر بەخۆیی کوردو کوردستان هەبێ . ئەوکاتە حکومەت و خەڵك دەچێتە ناو جوغزەیەکی سیاسی جوغرافی خۆیەوە ,ئەوجار ئیتر لەچوارچێوەی یەکییەتی نەتەوەییدا, کەپێی دەگوترێ : تیئوری ڕادیکالآنەی ناسیۆنالیزمی دیموکراتێکی کوردی شەڕی براکوژی و فێڵ لەیەکترکردن و خۆبەسەر یەکتردا سەپاندن و حیزب گەری و دەمارگرژی و هێرش کردن بۆ سەر یەکترو بەقسەی دوژمنان

لەشکرکێشی بۆ سەر یەکتر ناکەین بەمەبەستی سەرکوتی بزوتنەوەی پارچەکانی دیکەی کوردستان. بەم جۆرە داگیرکەران ئەوچەکەیان لێ دەسێنرێ کەدوێنێ حزبە کوردەکان پێکەوەبەشەڕدەدان کورد دەبێتە یەك نەتەوەو خاوەن یەك ڕێبازی سیاسی و لەلایەن دۆست و دوژمنانیەوە دێتە ناسین. بەم جۆرە حیزبەکان چیترلەسەرکورسیەك کەپایەکانی

لەسەر بۆشایی دانراون و تائێستاش هیچ دەوڵەتێك دانی بەحكومەتی كوردی دانەهێناوە, وەك ساڵانی ڕابردوو شەڕو تێكەڵچونی دەسەڵاتخوازی و حاكمیەت بەسەر كوردستان بۆشاییەكانی نێوان خەڵك وحیزبەكان پڕ دەكرێتەوەو دەوڵەت دەبێتە دەسەڵاتی خەڵك و حاكم لەكوردستانداو هەمووكەس بەمافەكانی خۆی دەگات وپشتیوانی لەحكومەتێك دەكەن كەنیازەكانیان دابیین دەكات و ڕێزیان لێ دەگیرێت. بەم شێوەیە حیزبەكانیش دەبنە حیزبی خەڵك و خەڵكیش دەبێتە پشتیوانی حیزبەكان ڕو پەڕەیەكی سپی لەژیانی سیاسی گەلی كوردستاندا دەكرێتەوەو مێژویەكی نوێ دێتە تۆماركردن , ئیتر لەمەودوا كێشەكان ناگەنە ئاستی لێك دابڕان و یەكتر كوشتن .  ئەوجار هەمووڵایەن و پێكهاتەكانی كوردستان یەكتر قبوڵ دەكەن و بەیەكەوە بۆیەك ئامانج تێدەكۆشن كەسەربەخۆیی كوردو كوردستانە .پێویستە ئەوەش بڵێین هەرحیزب و ڕێكخراوەیەكی سیاسی ,یان هەرحكومەت ودەسەڵاتێك كەبیهەوێت لەكوردستان مافی ئافرەتان وە بەرچاونەگرێ و ڕێز بۆ ئیرادەو بیرو بۆچونیان دانەنێن و لەدەسەڵاتدا بەشداریان نەكات ئەرك و موچەی بەرامبەریان وەك پیاوان بۆدیاری نەكەن  بەبڕوای من ناتوانن ئەو دەسەڵاتانە بەبێ بەشداری ئافرەتان هەتاسەر لە دەسەڵات بمێنن ,لەم ڕوانگەوە كەژن نیوەی كۆمەڵە جێی خۆیەتی و پێویستە لەهەموو بوارەكاندا وەك پیاو حسێبی لەسەر بكرێت . لەم پێوەندییەدا پێشنیار دەكەم بۆئەومەبەستانە پێویستە هەمووحیزبەكانی كوردستان بەمێژووی خەباتی خۆیاندا بچنەوە و ڕیفۆرم بكەن و لەخانمانی  ژێر بیروو نوێخواز خاوەن كەسایەتی سیاسی و كۆمەڵایەتی كەبڕوایان بە گۆڕانكاری هەیە كەڵك وەربگرن و كە ئەهمیەتێكی تەواو بەبەشداری ئافرەتان بدرێت كە بەشداری لەشۆڕش و ئیدارەكردنی وولاتدا بكەن. هەروەها پێویستە كە حیزبەكان بەتایبەتی ئەوانەی دەسەڵاتی سیاسی و بڕیاردانیان بەدەستە , دەبێ فەرەنگی سیاسی خۆیان بگۆڕن,جاران كەلەشاخ شۆرشی چەكدارانەیان دەكرد,ئێستا لەشار سیاسەت دەكەن و ئەركێكی دیكەیان كەوتۆتە سەرشان. بۆحكومەت بەڕێوەبردن نیازیان بەمەشوەرەتكردنی خەڵكی كوردستان هەیە , بەتایبەتیش زانایان و پسپۆڕانی كورد كە بەخۆشیەوە لەم بوارەوە میللەتەكەمان دەوڵەمەندە ,هەروەها پێشنیاری دیاری كراووم ئەوەیە كە حیزبەكان بەپرۆسەیەكی زانستی ئەكادیمیەوە بێنە مەیدان و هەوڵبدەن جیلی ئێستاو نەوەكانی داهاتومان بەفەرهەنگی بیری ڕادیكاڵانەی نەتەوەیی رابێن و پەروەردەیان بكەن بەشێوەیەك كەزمان و كلتوری سیاسی و فەرهەنگی كوردی زیندو ڕابگرێت. مەبەست ئەوەیە كەزمانی نوسینی و خوێندنی كوردی جیا لەزمان و نوسینی دەوڵەتانی داگیركەری كوردستان بێ و هەروەها جیا لەزمان و كەلتوری نەتەوە باڵادەستەكانی بێت . بەم حەرەكاتانە كورد دەتوانێ خۆی لەژێر قەیدو بەندوو وابەستەگی سیاسی و ئابووری و فەرهەنگی كۆمەڵایەتی و لەهەموو بوارەكانی تردا لەژێر فەرهەنگی نەتەوە باڵادەستەكاندا خۆی ڕزگار بكات و ببێتە خاوەن كەلتورو فەرهەنگی تایبەت بەخۆی و دەوڵەتی خۆی هەبێ. ڕەنگە ئەوداواو پێشنیارو بۆ چونەی من لەڕوانگەی چەند حیزبێكی چەپی توندڕەو , یان ئیسلامی نانەتەوەیی  كەلەبەرگی كوردایەتێدا خۆیان شاردۆتەوە وبڕوایان بەسەر بەخۆیی كوردنییە, یان ئەو بۆ چونەی من لەڕوانگەی چەند كەسانێك دروست نەبێ بەڵام هەرچۆنێك بێ كومەكێك دەبێ بۆ بەجێگەیاندنی پرۆسەی دامەزراندنی دەوڵەتی كوردی و خێراتر كردنی هەنگاوەكان بەرەو سەركەوتنی یەكجاریمان , بەبەرچاوگرتنی ئەزمون  وەرگرتن لەخەبات و تێكۆشانی ئەونەتەوانەی كەباسمان لێكردن و بەنمونەمان هێنانەوە ,پێم وایە هەر حیزب و دامەزراوەیەكی كوردی لەهەر پارچەیەكی كوردستان كەتوانی لەوبەشە پێگەیەكی بۆخۆی دەستەبەر كردو ڕزگاری كرد لەدەستی بێگانە, ئەو بەشە لەكوردستان بێتەماڵی هەموو كوردێك و لەهەنگاوی یەكەمدا هەوڵ بدرێت دیموكراسی و دادپەروەی و یەكسانی بۆ ڕاستكردنەوەی  باری ژیانی خەڵكی كوردستان بكرێتە بناغەی دەستورو یاسای كوردستان و كاری پێبكرێت . بەشێوەیەك كەلەماوەی دەسەڵاتی داگیركەران بەسەر كوردستاندا كەخەڵكی كورد لەهەمووڵایەك مافەسیاسی و كۆمەڵایەتیەكانیان لێ قەدەغەكراوەو لەهەموو ژیانێكی پێشكەوتوانەی سەردەمی مرۆڤایەتی بێبەش كراون تۆڵەیان بۆ بكرێتەوە ودوور لەهەر چەشنەجیاوازیەك لەنیشتیمانی خۆیاندا بژین. كەوابو كورد بەهەمووچین و توێژەكانیەوە ئەوەی كەنیەتی و لێی زەوت كراوە بیروو باوەڕی سیاسی و دیاردەكانی ئازادی ودیموكراسی و مافی نەتەوەیە خۆیەتی ونەك شتێكی تر. دوێنێش

کەهەمووحیزبە کۆمەنیست و چەپەکان لە ڕۆژ هەلاتی کوردستان بەقەولی خۆیان بەناو بەهەشتێکی بەرین و کۆمەلگایەکی مۆدێرن و پێشکەوتە بەدیاری کردنی مافی یەکسانەوە بۆخەلکی ڕەش و ڕوت و بێبەش لە هەرچەشنە ئازادیەك و بێ ماف و بێ دەولەت سازدابوو. کەهەر ئەوەندەی مابوو وەك ئیمام خومەینی کلیلەکانی دەرگای بەهەشت بدەن بەخەلك، بەلام دوای زیاتر لەبیست سال بەسەر ئەو زەمانەدا ئێستاش نەزانرا ئەو بەناو بەهەشتە لەکوێیەو کەی زەحمەت کێشان پێی دەگەن و لەژێر سێبەری ئەم تیئوریەی حیزبە چەپەکانی ئێرانی و کوردستانیدا دەحەسێنەوە ؟ لەڕاستیدا بۆمیللەتێکی ژێر دەستەو بێبەش لەدەولەت و بێ پەرلەمان ویاسا لەوسەردەمەدا کەشۆڕش کردن بەنان و چەکی دوژمنانی کورد بوو , دەبێ هێنانی ئەم تیئۆری و ڕێبازە بەقەول پێشکەوتووانە بەچەپ و ڕاست و ئیسلامیە توندڕەوەکانەوە چەندە کاریگەریان لەسەر خەباتی گەلێکی ژێر چەپۆکی وەك گەلی کورد دانابێت هەتا ئێستاش کورد پەیرەوی لەم تیئوریانە بکات ؟ کەوابو باشتر وایە حیزبە کوردیەکان پێش ڕوداوەکان بیر لەچارەسەرکردنی کێشە ناوخۆی و لاوەکیەکان بکەنەوە . بۆنمونە : ئەگەر حیزبە سیاسی یەکانی باشوری کوردستان بەگشتی و پارتی و یەکیتی بەتایبەتی لەکاتی هێرشی ئەمریکا بۆسەر عێراق پێشتر لەسەر بەرنامەیەکی هاوبەش سەبارەت بەکێشەی کوردو کەرکوك ساغ بوبانایەوەو بەیەك هەلۆێست لەبەرانمبەر عەرەبە هاوردەکان ڕاوەستابان بێگومان ئەوان زۆربەیان شاری کەرکوك و دەورو بەریان بەجێ هێشت بوو دەگەڕانەوە عەرەبستان ,ئەو کات نەکێشەکان ئەوەندە هالۆز دەبون کە دەولەتانی سعودیەو تورکیا بەنێوی قەومی عەرەبی سونەو برا تورکومانەکان نەیان دەتوانی تەداخول بکەن و هەرەشە لەچارەنوسی کورد بکەن و نەڕژێمی کۆماری ئیسلامی بەکەلك وەرگرتن لەنفوسی عەرەبە شیعەکان نەی دەتوانی ڕۆلی خەرابکارانەی خۆی لە عێراق و کوردستاندا ببینێت . هەروەك دەزانین ئێستاش ئەقلیەتی بیری کۆنە پەرستانەو شوڤێنستانەی دەولەتانی داگیرکەرو نەتەوە بالادەستەکانی تورك وعەرب و فارس کەبیر کردنەوەیان سەبارەت بە کێشەی کورد هیچ گۆرانێکی لەعەقلی ڕەگەز پەرستانەیانداپێك نەهاتووە ، پێیان وایە ئێستاش سەردەمی حکومەتەکانی سەفەوی و عوسمانی کەمال ئەتا تورك و عەرەبە قەومیەکانی عێراق و سوریا بتوانن بەپشتیوانی عەرەبە قەومییەکان میسرو سعودیە هەلسوکەوت لەگەل نەتەوەکەمان بکەن و وەك سالانی ڕابردوو سات و سەودا بەخۆمان و خاك و ولاتمان بکەن و بۆ ئەوەی بەرهەمی بن زەوی و سەر زەویمان بەتالان بەرن. هەروەك دەش زانین ئێستاش دوژمنانی کورد لەکۆبونەوە نهێنی ودەرگا داخراوەکانیان دا پیلان لەدژی گەلەکەمان دادەڕێژن و دەیانەوێ وەك ڕابردوو ولاتەکەمان بەپارچەکراووی بمێنێتەوە و لەوپەیوەندیەشدا هەموویان لەسەرلەناوبردنی کورد کۆکن بەتایبەتی دەیانەوێ ئەو قەوارە سیاسیەی کوردستان چارەنوسی نامە علومەو تەنانەت دۆستەکانیشی وەك ئەمریکاو ئینگلیز بە ئاشکرا دانیان پێدانەهێناوەو دوژمنانیش . دەیانەوێ بیان توێننەوە کەوابوو نابێ دەرفەت بەدەولەتانی داگیرکەر بدەینەوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان کەلك لە حیزبەکانی کوردستانی وەر بگرن و لەبەرامبەر یەکتردا ڕایان بگرن. بەتایبەتی دەولەتی تورکیا بەبەهانەی برا تورکومانەکانی دانیشتوی شاری کەرکووك دەیەوێ دەست بخاتە نێو کاروباری کوردستان و عێراق. هەروەك دیتمان ڕژێمی شای ئێران و رژێمی بەعی عێراق بەهاوکاری دەولەتی الجەزایرو بەپشتیوانی دەولەتی ئەمریکا توانیان لەسالی 1974دا پەیمان مۆر بکەن و شۆڕشی کورد بۆ ماوەیەك ڕابگرن و کۆتای پێبێنن . کە ئەوەش تەنیا بەپێك هێنانی یەکیەتیەکی نەتەوەیی و ڕیفۆڕم کردن بۆ چاك سازی دەتوانرێ بەر لەپیلانەکانی دوژمنانی کورد بگیرێت و ناومالێك لەباشوری کوردستان بۆ هەموو کوردێك دابمەزرێنێت بەشێوەیەك کەهەموو حیزبەکانی کوردستان بتوانن لەم بەشەی کوردستان بێ ترس لەدەولەتانی داگیرکەر ژیان و خەباتی خۆیان درێژەپێبدەن.

**(( ڕیفۆڕم بۆچاك سازی هەنگاوێکی گرینگ و پۆزۆتیفانەیە ))**

بەبڕوای من ئەگەر ریفۆرم کردن بەمەبەستی چاك سازی ئەنجام بدرێت و بەکردەوە جێبەجێ بکرێت بۆحیزبە کوردیەکان بەگشتی وحکومەتی هەرێم بەتایبەتی وەرچەرخانێکی مێژووی تایبەتی دەبێت لەژیانی سیاسی نەتەوەکەماندا . ئەزمونەکانی شۆڕش و خەبات لەڕابردوومانداا ئەوراستیە دەردەخەن کەبەبێ پێك هێنانی یەکێتی یەکی نەتەوەی و بەبێ بەخۆدا چونەوەو ریفۆڕمکردن سەرکەوتنەکان و دەسکەوتەکان کارێکی دژوار دەبێت, هەر بۆیە ریفۆرم کردن بەمەبەستی چاکسازی هەنگاوێکی پۆزیتیفانەو رادیکالأنەی سەردەم دەبێت, بەمەرجێك هەموو حیزبەکانی کوردستان لەڕیزی ئەو یەکیەتیە کۆببنەوەو لەریگایەکی دروستەوە کێشەکانیان چارەسەر بکەن. ئەو حیزب و ڕێکخاوانەش کەئێستاش حکومەتیان بەدەستە لەباشوری کوردستان و ڕوبەڕوی نارەزایەتی خەڵکی خۆیان بونەوە ئەویش هەر لەئاکامی چارەسەرنەکردنی کێشەکان و گوێنەدان بەداخوازیە ڕەواکانی خەڵکی کوردستانە. لەئاکامی ئەم هەست نەکردنە بەمەسولیەتەدا کۆمەلأنی خەڵکی کوردستان بۆ داکۆکی کردن لەمافەکانی خۆیان دێنە سەر شەقام و گۆرەپانەکانی شارو شارۆچکەکان و بەردەم پەرلەمانی کوردستان و بنکە حیزبی و حکومیەکان و داوای مافەپێشێل کراوەکانی خۆیان دەکەن .

لەئەنجامدا بەهۆی دەستێوەردانی دوژمنانی ڕەنگاو ڕەنگی کورد کەخۆیان لەناو خۆپێشاندەران دا شاردوەتەوە کارەساتی وەك شاری هەڵەبجەی لێ دەکەوێتەوە کەمەزاری شەهیدانی کیمیا لێدراو کەوتە بەرپەلاماری بەناو خۆپێشاندەران . بەلأم لەڕاستیدا دوژمنانی کورد توانیان بەرامبەر بەحکومەتی هەرێمی کوردستان, لەم بەینەدا ڕۆڵی خراپکارانەی خۆیان ببین و توانیان کێشەکانی نێوان هاولأتیان و حکومەتی هەرێم قوڵتر بکەنەوە . بەم جۆرە حاکمیەتی حیزبەکان یان باشتر بڵێم حکومەتی هەرێم بەهۆی چارەسەر نەکردنی نیازەکانی خەڵك کەوتە ژێر پرسیار ؟ بەم هۆیەوە بەشێك لەخەڵکی کوردستان , واتا ئەوانەی نیازو پێداویستیەکانیان بۆ دابین نەکراون حکومەتی هەرێم بەحکومەتی خۆیان نازانن و هەر بۆیەشە لەهەموو شوێنە گشتیەکان و سەر شەقامەکان وبازاڕەکانی کوردستان دەنگی نارەزایەتی خەڵك لە شێوەکاری حکومەتی هەرێم دەبیسترێت و لەم نێوەشدا خەڵکانی خەراپ بە قازانجی دوژمنان ڕۆڵی خراپ کارانەی خۆیان دەبینن.

بەم هۆیەوە بۆشاییەك کەوتۆتە نێوان سەرکردایەتی حیزبەکان و حکومەت وخەڵکی کوردستان و سەر ئەنجام دوژمنان لەو ناکۆکیانە کەڵك وەردەگرن و کێشەکانی نێوان خەڵك وحکومەت قوڵتر دەکەنەوە . هەر بۆیە پێویستە لەپێشدا پارتی و یەکییەتی و ئەوجار حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی داد پەروەرانە بەڕابردوی خۆیاندا بچنەوەو لەبەرامبەر گەلەکەیاندا خۆیان بەبەر پرسیار بزانن . بەم جۆرە دەتوانن هەم دەستی دوژمنان ببەستن و هەم لاشە خۆرانی نێوخۆی حکومەت وحیزبەکان لەریزەکانی حکومەت ودەسەلأت لابەرن وجیاوازیەکان لەنێوان حکومەت و خەڵکدا خاشە بڕبکرێن حیزبەکانیش وەك یەك بۆ هەمووخەڵکی کوردستان دڵسۆزی بکەن وکاربکەن کەئەویش لەسیستەمەحکومەتێکی دیموکراتێکی دادپەروەری و نەتەوەیی فرە حیزبی کۆن فیدراڵیدا کەنوێنەرانی هەموو چین و توێژەکانی کوردستانی تێدا بەشدار بن بەشێوەیەك کەبناغەی ئەم حکومەتە لەسەر تیئوری ناسیۆناڵ دیموکراتیکی کوردی دامەزرابێت چارەسەر دەکرێت, ئەوکاتە حکومەتی هەرێم دەتوانێت وەك حکومەتێکی مۆدێرنی سەردەم حسابی لەسەر بکرێت .ئیدی ئەمجار هەم کێشەناوخۆییەکانی حیزبەکان چارەسەر دەکرێن و هەم خەڵکی کوردستان بەکردەوە پشتیوانی لە حکومەتێك دەکەن کەویست و داخوازیەکانیان بۆ جێبەجێ دەکات . بەواتایەکی دیکە حکومەت بەخەڵکی دەبێت , ئەوجار نەداگیرکەرانی کوردستان دەتوانن پلانی هاوبەش لەدژی حکومەتی هەرێم دابڕێژن و نەشوڤێنیزمی عەرەبی سونەو شیعەو قەومیەکان وەك بەرهەڵستکار دەتوانن دژایەتی نەتەوەکەمان بکەن و وەك ئێستا پیلان لەدژی حکومەتی هەرێم دابڕێژن .

لەکۆتایی ئەوباسەدا ئارەزۆم ئەوەیە کەئێمەی کوردیش وەك نەتەوە کانی دیکەی دنیا ڕێبەرانی وەك : گاندی لەهیندیستان ومێندیلا لەئەفریقا مان هەبایەو وەك ئەوان بیریان لەژیان وخەباتی نەتەوەی خۆیان کردبایەوەو خۆیان بەڕێبەری

هەموو کوردێك زانیباو بەچاوێك تەماشای خەڵکی کوردستان کردباو ئەوەی بەخۆیان و بەنزیکانی خۆیان ڕەوای دەبینن بەسەرجەم خەڵکی کوردستان بەڕەوا بزانن . ئەوکاتە خەڵکی کوردستان بەگشتی شانازی بەرێبەرانی خۆیان دەکەن و دوای مەرگیان هەیکەلی زێڕینیان بۆسازدەکەن.ئەگەر رێبەرانی کوردیش ئیرادەیان هەبێ و بڕوایان بەخۆیان و نەتەوەکەیان هەبێ هیچیان لەڕێبەرانی دوونیا بەگشتی و ئەوروپا بەتایبەتی کەمترنی یەو دەتوانن ڕۆڵی شۆرش گێرانەی خۆیان لەبەرامبەر گەلەکەیان دا بگێڕن. هەربۆیە دەبێ سەرکردەکانی کورد بەگشتی و ئەوانەی دەسەڵاتی سیاسی یان بەدەستە,بەتایبەتی دەبێ لە ڕوداوە تفت و تاڵەکان و کارەساتە دڵ تەزێنە کانی کوردستان ئەزمونیان وەرگرتبێ و لەچوارچێوەی دەسەلأت و دەوڵەتێکی نەتەوەیی و دیموکراتیەکی کوردی دا بیر لەژیان و خەباتی دەیان ساڵەی نەتەوەکەمان بکەنەوە کە داگیرکەران چۆن توانیویانە کوردو کوردستان بەسەر چوار نەتەوەی بالأ دەستدا دابەش و پارچە پارچە بکەن و کۆتای بەدەسەلأتی میر نشینەکانی کوردستان بێنن.بۆ ئەو مەبەستە پێویستە باشوری کوردستان بکرێتە ناو ماڵێکی گەورە بۆ هەموو کوردێکی کوردستانی,وەهەروەها هەمووکوردێکی کوردستانی بتوانێ وەك ئەرك داکۆکی لەو دەسکەوتە بکەن کەلەسێبەری خوێنی شەهیدان هاتە ئاراوە بەرامبەر بەهەرچەشنەپیلانێکی داگیرکەرانی کوردستان بەگشتی و ڕژێمی ڕەگەزپەرستی تورکیا رابوەستن و بەرپەرچی هەر چەشنە هێرشێکی دوشمنکارانەیان بدرێتەوە . هەر بەوجۆرەش هەوڵ بدرێت کەڕژێمەکانی ئێران و سوریا لەوە زیاتر نەتوانن لەرێگەی مۆرەکانی خۆیانەوە نفوس بکەنە نێودام و دەزگا حیزبی و حکومیەکانی باشوری کوردستان و پیلانەکانی خۆیان لەسەرنەتەوەکەمان بەرێوە بەرن و جارێکی دیکە لەژێر کاریگەری سیاسەتی دووژمناندا حیزبەکانی کوردی لەشکرکێشی بۆ سەریەکتر نەکەنەوەو بەکردەوە پشتیوانی لەخەبات وتێکۆشانی بەشەکانی دیکەی کوردستان بکرێت و هیچ جۆرەسات و سەودایەك بۆ دوژمنانی کورد نەکرێ.

دەبێ حیزبی دیموکراتی کوردستان دوای لەت بوون و
دووبەش بوونی بیهەوێت بەمەبەستی خۆگۆڕین ڕیفۆڕۆم بکات؟

ئامانجی منیش لەتەوەری ئەم باسە بریتیی یە لەهۆشیار کردنەوەی ئەندامانی دڵسۆزی ئەو حیزبەیە بۆ پشتگرتن لەم

پرۆسەیەی کەپێی دەگوترێت (ڕیفۆڕم بۆچاك سازی) بەمەبەستی نەجاتی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم کەلتوری کۆن و فەرهەنگ وداب ونەریتە سیاسی و تەشکیلاتی یەی کەبەهۆی بیر تەسکی و دەسەلأتخوازی سکرتێری,یان بەهۆی شەرمنی و ترسەنۆکی ئەندامانی حیزب کەلەمەوبەر وەك ڕەوشێکی نادیموکراتیانـەو دوور لەپرنسیبەکانی حیزب بەسەر حیزبدا سەپاوەو ساڵەهایە ئەو حیزبە ئازیزەمان بەدەستیەوە دەناڵێنێت پشت راست بکەمەوە .

لەم بوارەشدا تەنیا بەڕیفۆرم کردن و بەکردەوە بەخۆدا چونەوەو خۆگۆڕینی ڕێبەرانی حیزب گۆڕان بەسەر حیزب دێت هەرچەند من ماوەی شەش ساڵـە تاوم داوەتە قەڵەم و لەڕێگای نوسینی بیرەوەریەکانم لەحیزبی دیموکرات و بزوتنـەوەی کورددا چـەندین کتێب و گوتارو بابەتـی جۆراو جۆرم بەمەبەستی ڕیفۆڕم کردن لەوحیزبەدا بۆچاکسازی و بەمۆدێرنیەتکردنـی حیزب نوسین و بەچاپم گەیاندون و بلأوم کردونەوەو لەباشورو ڕۆژهـەلأت گەیشتۆتە دەستـی خوێنەران و هۆگرانی ڕێگای ئازادی و سەربەخۆیـی کوردستان,هەروەها هەوڵم داوە کەئەوحیزبەلەم قەیران و بێ سەرووبەری و کوتلـە بازی و ناوچەگەریـەی کەبـەهۆی بیر تەسکـی سکرتێرەکـان کەتێیدایەتی نەجاتی بدەم و لـەم پەیوەندیەشـدا چەندین پێشنیاری بەکەڵك و چارەنوس سـازم ئاڕاستـەی رێبەرایەتی حیزب بەگشتـی و سکرتێرەکان بەتایبەتی کردوەو گوتوومە ئەوحیزبە پێویستـی بەبەخۆدا چونەوەوخۆنوێ کردنەوەو چاك سازی هەیە , دەبێ بۆئەومەبەستەش ڕیفۆڕم بکات و لەکەسانی بیرمەند و نـوێ خوازیش کەڵك وەربگرێت ودەسەلأتیان پێبدات بـۆ ئەوەی میکانیزمـی تەشکیلاتی وسیستەمـی کارو تێکۆشان و پەروەردەکرنی ئەندامانی حیزب بگۆڕن,ڕیفۆڕمێك کەلەسەربنەمای زانستی ئەکادمی فۆڕمی وفکری ئیدئۆلۆژیکی بێوو پایـەی لەسەر بیری نەتەوەیـی دامەزرابێت و دوربێت لەهەرچەشنە دەسەلأتێکی تاکەکەسی و ببێتە هـۆی گۆڕانکاریەکی گشتگیری بنەڕەتی لەحیزبی دیموکراتی کوردستانـدا , واتا تیئۆری کۆن فیدراڵی لـەجێگای تیئۆری خود موختاری فیدرالیزم دابنرێت و ئەوڕیفۆڕمەش بەکردەوە جێبەجێ بکرێت . بەداخەوە تائەمڕۆش سیاسەتی رۆمانتیکی و خەیاڵی بەشێك لە رێبەرایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەڕبردوو ئێستایدا بەهۆی دەسەلأتخوازی سکرتێرەکان وای کردبـوو کەبەشەوی تاریك موی ڕەش لەچاوی رەخنەگران و راست گۆیانی ئەندامانی ژێر بیری نێوحیزب دا ببینن , بـەلأم بـەڕۆژی رونـاك فیل لـەچاوی خۆیاندا نەبینن ؟

هەر لـەم پەیوەندیەدا پێش کۆنگرەی 13دە لایەنگرانی بیری تاریکـی دەستیان کرد بەپیلانگێران دژی حیزب و تێکۆشەرانی روناکبیرو لەمێژینەی حیزب, بەتایبەتـی لـەدوای کۆنگرەی 12دە لەرێبەرایەتـی حیزبدا ئەم خەیاڵە ڕۆمانتیکیە بەمەبەستی پاکسازی ریزەکانی حیزب لەخەڵکی نـوێ خوازو ریفۆرم خواز خـۆی نوێکردەوەو ئیدی سکرتێر کاك مستەفاو دەفتەری سیاسیـەکەی ولایەنگرانـی دوچاری هەڵچونێکی شەپۆل سـواری بـون و بەتەواوی دووچاری خۆلێ ونبون ببوون و ئەرزو ئاسمان لەژێرپیێی خۆیاندا دەبینی و ملیان بـۆ داواو پێشنیارەکانـی زۆرینەی ئەندامانـی حیزب دانەنەواندو تەنانەت گوێیان لەقسەکانـی بـەشێك لـەئەندامانـی رێبەرایەتی حیزب کەهاوکاری دائیمی خۆیان بوون رانەگرت و لەکوردستان و ئەوروپا دەستیان کـرد بەبلأوکردنەوەو پرو پاگەندە لەدژی تێکۆشەرانی لەمێژینەی نێو حیزب .

بەداخەوە حیزبی دیموکراتـی کوردستانـی ئێران لەدوای کۆنگرەی 13 دە لەجیاتی ئەوەی رێکخستنەکانی حیزب پتەو بکەن وپلاتفۆڕم دابرێژن بـۆ بەرهەڵستکاری لەدژی رژێمی کۆنەپارێزی کۆماری ئیسلامی ئێرانی ئـەو حیزبە لق وپۆپ لەبەشەکانی دیکەی کوردستان بلأوبکاتەوە ,بـەپێچەوانە هەرخەریکی پیلانگێران بون لەدژی هاوسەنگەرانی نوێ خوازی خۆیان , بەم جۆرە لەدوای کۆنگرەی 13دە پرۆسەی وەلانان وهەلأواردن و بێکارەکردنـی روناکبیرانی نێوحیزب دەستی پێکرد. هاوسەنگەرانی خۆیان بەتاوانی چاك سازی لەحیزب وەدەردەنان. پێویستە ئەوەش بگوترێ لەدوای کۆنگرەی 12دە بەپێچەوانەی بریاری کۆنگرە کەنابـێ هیچ لایـەن و کەسایـەتیـەك دەستەبازی و کوتلەگەری بکات لەحیزبدا بەلأم بـەشکاندنی ئـەم بڕیارە, کـاك مستەفاو لایەنگرانـی توانیان بـەشێوەیەکـی ناحیزبیانـەو نادیموکراتیانـە لـەناوخۆی کوردستان و دەرەوەی ولأت بەبەرنامەیەکـی پێشتر دارژاوەو بەلاساکردنەوە لەدەورانی کۆنگرەی 8 دژی راستگۆیان و نوێ خوازانی نێوحیزب دەستیانکرد بەفرتوو فێڵ لەدژی کەسانێك کەلەلایـەن خەڵکی کوردستانەوە وەك پێناسەی حیزب هاتونە

ناسین و لەلایەن دۆست و دوژمنانیشەوەحسابیان لەسەردەکرێت . ئەمانەو چەند هۆکاروفاکتەری تر وای کرد کەئەوحیزبەنەك هەرنەتوانێت ریفۆرم بکات وخۆی نوێبکاتەوە, بەڵکو ئەوەندەی دیکەش زیاتر حیزب دوچاری دواکەوتوی و پاسیف بون لەکۆمەلآنی خەڵکی کوردستان و هەروەها لەفەرهەنگ وداب و نەریتی پێشکەوتوانەی سیاسی , تەشکیلاتی و دیبلۆماتیەت ببێت وخرایە پەراوێزەوە. هاوکات لەگەرماو گەرمی کێشەکاندا باڵی نویٚ خوازان لەحیزبدا بۆچارەسەرکردنی کێشەکان لەرِێگای دیالۆك ودانیشتن و بۆ بەیەکەوە کارکردن لەحیزبدا زیاترلە 20پێشنیاریان دایە لایەنگرانی دەسەڵات خواز لەحیزبدا , واتا کاك مستەفا بۆ ئەوەی حیزب نەکرێتە دووبەش . بەداخەوە برادەرانی پاوان خوازو قەوارە پارێزان ئەهمیەتیان بەداواو پێشنیارەکانی باڵی نویٚ خوازو ئەندامانی حیزب و بەشێك لەرِێبەری هەڵبژێردراوی کۆنگرەی 13دە نەدا , بەڵکو بەشێوەی نهێنی و لەرِێگای جۆراو جۆرەوە بەنامەو تەلەفۆن و راسپاردە لایەنگرانی خۆیان لەناوەوەو دەرەوەی وڵات ئاگادارکردەوە کەدژایەتیان لەگەڵ قبولْ کردنی ئەم پێشنیارانەی نوێخوازان بکەن . ئەمانەوای کرد کەزۆرینەی ئەندامانی حیزب لەحیزب دا نەتوانن درێژە بەتێکۆشانی خۆیان بدەن و لەلاوەی تەشکیلات  چاوەرِوانی ئاکام و دەرئەنجامەکانی هەوڵەکانی هاوبیرانی خۆیاندەکرد تابوانن ناکۆکیەکان چۆن و کەی کۆتاییان پیٚ بهێنرێت بۆئەوە تێکۆشانی خۆیان لەحیزبدا چرِو پرترو تۆگمەو گشتگیرتر بکەنەوەو بەدڵێکی خۆشەوە برِیارەکانی رێبەرایەتی هەڵبژێراوی کۆنگرەی 13دە بەرێوە ببەن .کاتێك هیچیەك لەداواو پێشنیاری زۆرینەی ئەندامانی حیزب لەلایەن کۆمیتەی ناوەندی دەسەڵات بەدەستی حیزبەوە نەهاتە قبولْ کردن بێگومان کێشەکان قولْتر دەبونەوە . لەو نێوەشدا خەڵکانی ئاژاوە گێرو دەسەڵات خواز لەلایەك و لەلایەکی تریشەوە پێدەچێت مۆرەکانی سەر بەدەزگا ئیتلاعاتی وجاسوسانی رِژێمی کۆماری ئیسلامی کەساڵەهایە خۆیان خزاندۆتە نێو رِیزەکانی حیزب و خۆیان مەڵۆسدابیٚ ,رِۆڵی خەرابکارانەی خۆیان ببینن و بەدەنەدانی لایەنگرانی کاك مستەفا  هیجری لەدژی نویٚ خوازانی نێو حیزب کێشەکان زەقتر دەبونەوەو لایەنگرانی شەرِو ئاژاوەنانەوە سنورێکیان بۆ بەیەکەوە کارکردن لەحیزبدا نەهێشتەوە ,تازەش هەوڵی دۆستان و نوێنەرانی حیزبە کوردستانیەکان بەگشتی و نوێنەرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی بۆ چارەسەر کردنی کێشەکان و بۆپاراستنی یەك پارچەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی  ئێران بیٚ ئاکام و بیٚ سود مایەوەو ئەو بەقەول زۆرایەتیەی  ئەندامانی رێبەری هەڵبژێراوی کۆنگرەی 13 کەلەرِێگای فرت و فێڵەوە توانیبویان  زۆرینەی دەنگەکان لەکۆنگرەدا بەدەست بێنن و ببنە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزب ,مل نادەن کەلەرێگای دێموکراسی و دانوستان و وتووێژو دانیشتنەوە بە نێوبژی کردنی نوێنەرانی حیزبە کوردیەکان وحکومەتی هەرێم سنورێك بۆچارەسەرکردنی کێشەکان دیاری بکرێت بەشێوەیەك کەحیزبی دیموراتی کوردستانی ئێران ببێتە موڵکی هەمووئەندامانی حیزب و هەموویان بتوانن بۆچون و تێروانینی خۆیان لەوحیزبەدا دەرببرِن و کاری تێدا بکەن .

ئەم بۆچون و هەڵسوکەوتەی دەسەڵاتدارانی نێو رِیزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وەك کلتورو نەریتێکی کۆنی دواکەوتوی سیاسی باڵی بەسەرحیزب دا کێشاو زۆرینەی ئەندامانی حیزب بەرپرسیارەتیان لەحیزب دا لێوەرگیرایەوە بێکارەکران.

پێشینان گوتویانە: ﴾خویەك گرتت بەشیری , تەرکی ناکەی بەپیری ﴿

هەروەك ئاژاوەگێران خۆیان بەم کلتورە گرت و بەهەمان فەرهەنگ و کلتوری دەور بەسەرچوو لەباو کەوتوی دەورانی کۆنگرەکانی چوارو هەشتی حیزب رەفتاریان لەگەڵ باڵی ریفۆرِم خوازان و روناکبیرانی نێوریزەکانی حیزب دەکرد .ئەم شێوازە سیاسەت کردن و ئەم رەوشە بیرکردنەوەش کەسەردەمی  بەسەرچووەو لەحیزبدا باوی نەماوە ناتوانیٚ وەلآمدەری بۆچون و تێروانینەکانی ئەندامانی نویٚ خوازی ئەوسەردەمەی نێو حیزبدا بێت . ئەزمونە تفت و تاڵەکانیش ئەم راستیەیان سەلماندووە کەئەندامانی بیرمەند لەحیزبدا گۆرانیان بەسەردا هاتووەو مل نادەن بۆ برِیاری نادروستی بەشێك لەرێبەری حیزب و سکرتێرەکەی و بەزۆر تەسلیمی ئیرادەو  فەرمانی بیری  قەوارەپارێزان نابن و سەر داناخەن بۆ برِیارو رِەفتاری نادیموکراتیك و ناحیزبیانەی ئەوان. بەم هۆیەوە نویٚ خوازان بیرو دەنگەکانیان دەکەن بەیەك و بەدەربرِینی

بیرو بۆچونی خۆیان بۆ چاكسازی دیسان درێژه به هه‌وڵه‌كانی خۆیان ده‌ده‌نه‌وه‌و ناگه‌نــه ده‌رئه‌نجامێكـی ئه‌وتۆ كـه لــه‌گه‌ڵ مه‌نتیق و ڕه‌وشتــی حیزبێكـی شۆڕشگێری رادیكاڵ و دیموكراتیكی ئه‌و سه‌رده‌مه‌ی وه‌ك حیزبی دیموكراتی كوردستاندا بگونجێت . ئه‌وه‌تا ده‌شبینین دوای چه‌ندین ساڵ تێپه‌ڕ بــوون به‌ســه‌ر خه‌بات و تێكۆشانــی قاره‌مانانه‌ی سه‌رجه‌م كادرو پێشمه‌رگه‌و ئه‌ندامانــی حیزب و هه‌روه‌ها تێپه‌ركردنـی چه‌ندین قۆناغـی پڕله گرێو گۆڵی سیاســی و ته‌شكیلاتی,كه‌وتن و هه‌ستانه‌وه ده‌ربه‌ده‌ری و به‌ندی خانه,ماڵ وێرانی و شه‌هیدان , له‌سێبه‌ری ده‌سه‌ڵات خوازی به‌شێك له‌ئه‌ندامانی سه‌ركرده‌و رێبه‌رانی حیـزب كه‌نه‌یان توو‌انــی ئاواتی شه‌هیدان بهێنه دی و نێومالّی حیزب رێك بخه‌نـه‌وه‌و ئاوه‌دانتری بكه‌نه‌وه , دوای چه‌ند جار لێك دابران و تێكه‌ڵ بوونه‌وه , هه‌ڵگیرسانی شه‌ری براكوژی و ئاشت بونه‌وه كه ته‌نانه‌ت بیست و دو كادیروو پێشمه‌رگه‌ی حیزب (رێبه‌رایه‌تی شۆرش گێر) لـه‌دوای كۆنگره‌ی هه‌شــت بـه‌بریاری رێبــه‌رایه‌تـی حیزبـی دیموكراتــی كوردستانی ئێران به‌ده‌ستــی هاوسه‌نگه‌رانی پێشوی خۆیان هاتنه شه‌هید كردن.كه‌ئه‌وكاتیش هه‌ركاك مسته‌فای هیجری به‌رپرسی كۆمیسیۆنی سیاسی نیزامی حیزبی دیموكراتی كوردستانـی ئێران بــوو. سه‌ره‌رای ئه‌وه‌ش دوای شه‌ست و یـه‌ك ساڵ خه‌بات و به‌رخۆدان و فیداكاری كادرو پێشمه‌رگه‌كانـی حیزب له‌به‌ركێشه نێوخۆیه‌كانمان له‌لایه‌ك و ده‌سه‌ڵات خوازی سكرتێره‌كان له‌لایه‌كـی تره‌وه نه‌مان توانی كه‌مترین ماف كه‌مافی خود موختاری بـوو یامافی فه‌رهه‌نگـی بـۆ گه‌له‌كه‌مان بـه‌دوژمنانی نه‌ته‌وه‌كه‌مان كه‌ڕژیمی كۆماری ئیسلامــی بــوو بسه‌لمێنین, بـۆئه‌وه‌ی هه‌موومان له‌ئاست حیزب و گـه‌له‌كه‌مانــدا سه‌ربڵندو سه‌رفراز له‌مێژودا ناومان تۆماربكرێ. سه‌ره‌رای ئه‌وه‌ش كه‌ئه‌وهه‌موو شه‌هیدانه‌ماندا و ئه‌وهه‌مووماڵ وێرانی و ده‌ربه‌ده‌ریه‌ی كه‌به‌سه‌ر خۆمان و بنه‌ماڵــه‌ی كادرو پێشمه‌رگه‌و شه‌هیدانمان هێنا لـه‌به‌ر كێشه نێوخۆییه‌كان هیچمان له‌ده‌ست نه‌هات بۆ میلله‌ته‌كه‌مان. ئێستاش كه باڵی ده‌سه‌ڵات خواز له‌سێبه‌ری خوێنی ئه‌وشه‌هیدانه‌دا توانیان تاماوه‌یه‌ك حاكمیه‌ت به‌ســه‌رحیزب دابكه‌ن و له‌پاره‌وپــوڵ و ئیمكاناتــی حیزب به‌قازانجــی خۆیان كه‌ڵك وه‌ربگرێت, بێگومان ئـه‌وتاقمه‌ش كـه‌ئێستا لـه‌حیزبـی دیموكراتــی كوردستانــی ئێراندا له‌رێگای فرت و فێڵه‌وه ده‌سه‌ڵاتیان به‌ده‌سته‌وه گرتووه هـه‌ر ئه‌وه‌نده بڕده‌كه‌ن و ناتوانن لـه‌وه‌ی كه‌هه‌ن زیاتر بن مه‌گه‌ر خۆیان بگۆڕن, هه‌ربۆیه‌شه كه‌حیزبی دیموكراتــی كوردستانی ئێران له‌مه‌وه‌به‌ر به‌شه‌به‌ش بــووه‌و شكڵــی ناوچه‌گــه‌ری و عه‌شیره‌تــی به‌خۆیه‌وه گرتووه. بــه‌م هۆیانــه‌وه حیزبه‌كه‌مان دوچاری قه‌یرانێكی ئه‌وتۆی سیاســی ته‌شكیلاتی نێوخۆیی كـرا كه‌چاره‌سه‌ركردنی ته‌نیا له‌ده‌ست كه‌سانێكدا بوو كه‌ئاره‌زوویان ئه‌وه‌بوو حیزبه‌كه وای به‌ســه‌ر بێت, به‌شێوه‌یه‌ك كه‌ئه‌و حیزبه توانای به‌ربه‌ره‌كانی له‌گه‌ڵ رژێمی كۆماری ئیسلامـی ئێران و ئه‌نجامدانی چالاكی نه‌مێنێت. بـه‌داخه‌وه ئه‌وتاقمـه به‌شێوه‌ی كاتـی لـه‌م په‌یوه‌ندیه‌دا سه‌ركه‌وتنیان به‌ده‌ست هێناو ده‌ستیان به‌سه‌ر ئه‌موالی حیزب داگرت. ئێستاش كه‌كه‌لاَفه‌ی سیاسی و ته‌شكیلاتی و دیپلۆماسیه‌تی حیزبی دیموكراتی كوردستانـی ئێران له‌سایه‌ی نه‌بونــی ڕێبه‌رایه‌تیه‌كـی ئاكتیف و شایستــه‌و هــه‌روه‌ها نه‌بونـی مودریه‌تـی سكرتێر شیرازه‌ی حیزب لێك هه‌ڵوه‌شێنراوه‌و هیچ رێگایـه‌ك له‌به‌رده‌م نـوێ خوازانی نێو ئه‌وحیزبه‌دا نـه‌مایه‌وه بـۆپێشگرتن لــه‌به‌لارێدا چوونـی حیزب به‌غه‌یری له‌تكردن و دوبه‌شبوونی حیزب و ماڵی خۆی له‌یه‌كتر كردن. چونكه ماشه‌ری مۆركانــه لێدراوی رێكخستنه‌كانی سیاسی و ته‌شكیلاتی و ته‌نانه‌ت دیپلۆماسیه‌تـی حیزب به‌شێوه‌یه‌كـی ئـه‌وه‌نـده نـه‌زانانـه‌و نـادیموكراتیانــه لێك هه‌ڵوه‌شێنرابوو كه‌به‌سه‌دان دكتۆری و زانا پسپۆڕ لــه‌بواری سیاسی و ته‌شكیلاتیه‌وه داوه‌كانی ئــه‌م ماشـه‌ره وا به‌ئاسانی ناچنه‌وه سه‌ریه‌ك؟ چونكه ئه‌وڤێرۆسه‌ی كه‌پێش گرتنــی كۆنگـره‌ی 13و هاوكات له‌گه‌ڵ به‌ستنی كۆنگره‌داو دوای كۆنگره‌ش چۆته ناو شاده‌ماره‌كانی حیزبی دیموكراتی كوردستانـی ئێران ته‌نانه‌ت به‌حه‌كیمێكـی زاناش چاره‌سه‌ری ئه‌و نه‌خۆشیانه نه‌ده‌كرا. كـه‌ئه‌وه‌ش ده‌گه‌ڕێتــه‌وه بۆ سه‌رده‌می قۆناغــی په‌روه‌رده‌كردن و بارهێنانی ئه‌ندامانی حیزب به‌فه‌رهه‌نگــی فـه‌ردپه‌رستــی و خۆپه‌رستی و تاقمه‌گـه‌رایــی له‌حیزبدا. هه‌روه‌ك پێشینان گوتویانه :

﴿ به‌ردێك نه‌زان بیخاته ناوگۆم به‌سه‌د زانان نایه‌ته‌وه ده‌ر ﴾

واتا ئه‌وهه‌ویره‌ی كاك مسته‌فاو هاوبیرانی شێلاویانه ئاو زۆر هه‌ڵده‌گرێ, هه‌روه‌ك له‌دوای كۆنگره‌ی هه‌شت ناوبراو به‌رپرسی كۆمیسۆنــی سیاســی نیزامی حیزب بوو كه22كادر پێشمه‌رگه‌ی حیزب به‌ده‌ستی هاوسه‌نگه‌رانــی پێشوی خۆیان شه‌هید

کران. جێی خۆیەتی کەخەڵکی کوردستان بەگشتی و بنەماڵەی ئەوشەهیدانە بەتایبەتی لێپرسینەوە لەسەر چۆنیەتی شەهیدکردنی کادیران و پێشمەرگەکانی حیزب بکەن. ئەو هەڵوێست و ڕەفتارو کردارانەی جەنابی کاك مستەفاو کاك شاهۆو هاوبیرانیان لەگەڵ هیچ ئسوڵ و پرانسیپێکی سیاسی و شۆڕشگێڕی حزبێکی نەتەوەیی و دیموکراتیکی هەستیاردا یەك ناگرێتەوە , بەڵکو ناحەق نین ئەندامانی حیزب بەشك و گومانەوە بڕواننەدا هاتووی حیزبەکەیان و سەر ئەنجام ئەوهەڵوێست و رەفتارو کردارانەی تاقمی قەوارەپارێزو دەسەلأت خواز لەحزبدا بو بەهۆی ئەوەی کەوا جارێکی دیکەش حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەسایەی نەبونی ئۆتۆریتەو مدیریەتی جەنابی سکرتێر کاك مستەفاو هاوبیرانی کەهەڵبژێراوی کۆنگرەی 13 بون و کۆنگرەی 13دەش بناغەی لەسەر پرۆسەیەکی پڕ لەفرت و فێڵ و دەستەبازی پێکهات بوو هاتەپێش . ئەمانە وای کرد کەزۆرینەی ئەندامان و کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەپشتیوانی کردن لەبڕیاری بەشێك لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتە ناوەندی هەڵبژێراوی کۆنگرەی 13 لە رێکەوتی 1385/9/15 هەتاوی بەرامبەر بە 12/6/ 2006زایینی بەنێوی حیزبی دیموکراتی کوردستان —— ئێران بەهۆی نارەزایەتی لە ڕەفتارو کرداری نادیموکراتیانەی باڵی قەوارەپارێزو دەسەلأت خواز, کە بریتی بوو لەهەلأواردن, دەرکردن و بێکارەکردنی ئەندامانی خاوەن ئەزمون و کارامە لەحیزب و هەروەها بەهۆی تاکرەوی و سەرەڕۆیی باڵی دەسەلأت خواز, بەرەسمی بونی خۆیان ڕادەگەیەنن و وەك حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بەرنامەیەکی نوێترو پلاتفۆڕمێکی تازەوە ((هێڵەگشتیەکان)) دێتە گۆڕەپانی خەباتەوە. بەم جۆرە لەدوای ڕوخانی کۆماری‌کوردستان , حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لەمێژوی خەباتی خۆیدا بۆجاری شەشەم دوو بەشبون بەخۆیەوە دەبیننەوە , بەلأم ئەمجارەیان لەجارەکانی تر زیاتر خەتەری لەناوچونی حیزب چاوەڕوان دەکرا, هەر بۆیە دڵسۆزانی حیزب بەهەست کردن بە بەرپرسایەتیەك کەلەئاست حیزب و گەلەکەیان هەیانە قۆڵی هیمەتیان هەڵ ماڵی و بە بەرنامەیەکی نوێترەوە بوونی خۆیان بەرەسمی راگەیاند. ئەودابەش بونە کەبەشێوەی ناوچەیی و پارچە پارچەکردنی کوردستان پێشتر بەرنامەی بۆ ڕێکخرابوو لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە هەڵوەشێندرایەوە . ئەوەی کەدوای کۆنگرەی 13دە لەنێو حیزبی کوردستانی ئێراندا ڕووی دا لەئاکامی ئەوسیاسەتە غەڵەتەی زۆرینەی رێبەرایەتی حیزب و دەسەلأت خوازی ئەوان بوو کەمەترسیەکی زۆری لێدەکرا حیزبەکە بەیەکجاری لەکۆمەلأنی خەڵکی کوردستان دابڕێت و بکەوێتە ژێر کاریگەری سیاسەتەکانی حیزبە پن ئیرانیستەکان و سەڵتەنەت تەڵەب ونازمی ئەفشاری بەقەول نوێنەری برا ئازەلیەکان.

کاتێك ئەندامان و کادرو پێشمەرگە هەمیشە هۆشیارەکانی حیزب هەست بەوەدەکەن کەحیزبەکەیان لەناودەچێت بۆلەتکردنی حیزب و بۆ نەجاتی حیزب لەدەست ئەو تاقمەدەست بەکاردەبن. لێرەدا بەتەواوی دەردەکەوێ کەمێنتالیتەی سیاسی سکرتێر , یارێبەرایەتی هەڵبژێرددراوی کۆنگرەی 13 باڵی دەسەلأت خوازو قەوارە پارێز هەرئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرا کە ئەوحیزبەی گەیاندە ئاستی دووبەش بوون. ئێستاش بەم سیاسەت و بۆچون و تێگەیشتنەی ئەوان کەلەهەمبەر ئەندامان و حیزبەکەی خۆیانداهەیانەو گرتیانە بەر , بەو هەڵوێستەش کەلەبەرامبەر حیزب و رێکخراو و پێکهاتە سیاسی یەکانی دیکەی ڕۆژهەلأتی کوردستان هەیانە, هەرگیز ناتوانن نە ناوماڵی خۆیان گەورەبکەنەوەو نەبەرە لەگەڵ حیزبەکانی رۆژهەلأت دا پێکبێنن و نەدەشتوانن لەنێو ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی و کوردستانی دا جێگەو پێگەی خۆیان بکەنەوە هەروەك لەرابردوودا گوتم و دوبارەی دەکەمەوە کە ئەو تاقمە لە کۆنفراسەکانی پێش کۆنگرەدا بۆ بەئەنجام گەیاندنی کودەتایەك لەحیزب دەوری ناشۆڕشگێرانەی خۆیان بینی و توانیان لەرێگای هەڵبژاردنی بەقەول دیموکراسیانەوە دەسەلأت بەدەست بێنن. ئەوبەشە لەحیزب کەبەنێوی حیزبی دیموکراتی کوردستان بوونی خۆی راگەیاندووەو لەرۆژنامەی کوردستان , ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان , ژمارە 450 18ی سەرماوەرزی 1385 — 9 دیسامبری 2006 —— لەژێر نێوی : (هێلەگشتیەکانی رێبازی ئێمە) چاپ و بلأویان کردۆتەوە بەرونی بەرنامەی کاروو تێکۆشانی خۆی دەست نیشانکردوەو ڕێبازێکی سیاسی نوێی گرتۆتە بەر, واتا بەهێندێك دەسکاری کردن جیا لەشێوازی کاری تێکۆشانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و بەهەمان ستراتیژیە کەمافی فیدرالیە بۆ کورد.پەرە بەتێکۆشانی خۆی دەدات . بەبڕوای من ئەگەر ئەو

بەشە لەحیزب کەڕێبازێکی رادیکالآنەی گرتۆتە بەر ئەگەر ریفۆرم نەکەن و ئەوکلتورو فەرهەنگە سیاسیە کۆنەی سالآنی رابردوو گۆڕنەکەن و رێبازێکی ناسیۆنالٚ رادیکالٚ دیموکراتیکی نەتەوەیی نەگرنە بەرو لەجێگای دروشمی فیدرالیزم, تیئۆری کۆن فیدرالٚی وەك ستراتیژیك دیاری نەکەن, بێگومان ئەوانیش ناتوانن گۆرانێکی بنەرەتی گونجاو لەگەلٚ ئەوسەردەمەی دونیای نوێ و بارودۆخی کوردستان و هەل و مەرجی نێوخۆی کوردستان و دەرەوەدا ڕێك بخەن. چونکە لە رۆژهەلاٚتی کوردستان جگە لە نەتەوەی کورد چەند کەمایەتی دیکەی وەك تورك و فارس و عەرەب لەشارەکانی کرماشان و نەغەدەو خۆوسەلماس میان دواو نیشتەجێ کراون و ئەوانە لەسەر خاکی کوردستان لەگەلٚ کورد پەیوەندیەکی لەمێژینەیان پێك هێناو, هەر بۆیە تیئۆری کۆن فیدرالٚی وەك ئامانجی دوارۆژ بەشێوەی کاتی باشترین رێبازە بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستان کەدەتوانێت چارەسەری کێشەکانی نێوخۆیی وولاٚت بکات . ئەگەرنا لەغەیری ئەوەدا ئەوبەشە لەحیزب, واتا حیزبی دیموکراتی کوردستان وێ دەچێت بەکردەوە بگەرێتەوە بۆسەر هەمان کلتورو فەرهەنگە کۆنەی کەتاك تاکی ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران پێی گۆش کراوین، هیوادارم هەمولایەکمان بتوانین بەکردەوەی باش قەرەبوی زەرەدو زیانەکانی سالآنی رابردومان بکەینەوە کە بەهۆی پەیرەوی کردن لە رێبازی فلاٚن سکرتێرەی شەهید و فیسارە رێبەرەی مامۆستای دیموکراسی کەبەپەیکەری حیزب کەوتووە کەئەویش بەگرتنەبەری رێبازێکی دیموکراتیانەو پێشکەوتوانە, واتا رێبازی حیزبی دیموکراتی کوردستان کەلەپێشەواو کۆمار بۆمان بەجێماوە پردەکرێنەوە .کەئەویش بەهێنانی پرۆسەیەکی زانستی ئەکادیمی سیاسی تەشکیلاتی کەبناغەکەی لەسەربڕوا بەیەك بوون پێك هاتبێت و بۆ گۆرانکاری لە حیزبدا هاتبێتەکایەوەو بێتە ئەنجامدان کەئەویش هەر بەریفۆرم کردن و بەهەلگرتنی دروشمی کۆن فیدرالٚی و هەروەها بەهێنانی تیئۆی ناسیۆنالیزمی رادیکالٚ دیموراتیکی کوردی و پێك هێنانی یەکێتیەکی نەتەوەیی لەڕۆژهەلاٚتی کوردستان بەکردەوە دەستەبەردەبێت. ئەوکات ئەو دوو بەشە لەحیزب هەرکام لەمالٚی خۆیان و بەگوێرەی خوێندنەوەو تێگەیشتنی خۆیان لەسیاسەت و حیزبایەتی دور لەهەر چەشنە شەڕو تێك هەلٚچونێکی چەکدارانەو چەقۆ لەیەکتر کێشانێك , بەقازانجی گەلەکەمان لەدژی داگیرکەرانی کوردستان درێژە بەتێکۆشانی خۆیان بدەن و چیتر بۆ بەرژەوەندی چەند کەسێکی پاوان خواز, یاگروپێکی سەرلێشێواوی وەك تاقمی کاك مستەفا لەحیزبدا, حیزبەکەیان نەکەنە قوربانی بەرژەوەندی ئەو گروپ و کەسایەتیانەو رۆلەکانی کوردستانیش وەك سەردەمی گۆنگرەی 4-8 بەیەکتر بەکوشت نەدەنەوە . بەلٚکو هەمویان لەمالٚی خۆیاندا دژی رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران پەرە بەتێکۆشانی خۆیان بدەن تابەلٚکو بتوانن بەهاوکاری حیزب و رێکخراوەکانی کوردستانی و بەهاوفکری کۆمەلاٚنی خەلٚکی کوردستان بۆ دەستەبەرکردنی مافی چارەنوس بەشێوەی کۆن فیدرالٚی لەسەر بنەمای بڕوابوون بەمافی سەربەخۆیی بەشێوەیەکی دیموکراتیانە لەئێرانی داهاتودا ئەم مافانە بەدووژمنانی گەلەکەمان بسەلمێنین و هەمووگەلان و کەمایەتیەکانی ئێران بەگشتی لەژێر سێبەری عەدالەت و داد پەروەریدا بەمافە سیاسی یەکانی خۆیان بگەن. ئەگەر حیزبی دیموکراتی کوردستان بیهەوێت لەداهاتودا ببێتە حیزبی کۆمەلاٚنی خەلٚکی کوردستان و پێشرەوی جولاٚنەوەکانی کورد دەبێ فیداکاری لەخۆی نیشان بداو ئەوقۆناغەخەباتە بڕی کەسالەهایە تەنگی بەیکگرتویی ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان هەلٚچنیوەو لەژیانی کەمپ نیشینی و هەروەها دابران لەخەلٚك خۆی دەربازبکات ورەوتێکی نوێو چارەنوس ساز بگرێتە بەر . کەوابو حیزبی دیموکراتی کوردستان دەبێ لەپێشدا سکرتێرو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و تاك تاکی کادری پێشمەرگەی حیزب بەخۆیاندا بچنەوەو ناومالٚی خۆیان ئاوەدان بکەنەوەو خۆیان بەشێوەیەکی تۆکمەتر ڕێك بخەنەوە بۆئەنجامدانی چالاکی هەمەجۆرو چرو پروو چارەنوس ساز دژبەرژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران . ئەوکاتە حیزبی دیموکراتی کوردستان توانیویەتی هەم خۆی نوێبکاتەوە و هەم وەلاٚمدەری ویست وداخوازیەکانی خەلٚکی کوردستان بێت و پێشڕەوی کردنی جولاٚنەوەی رزگاری خوازی کورد بخاتەسەرشانی خۆی . ئەودەم نەئالٚو گۆری نامەی کاك مستەفای هیجری بۆ ئەمیر نازمی ئەفشارو هەرزانفرۆشکردنی خاکی کوردستان بەناوبراو کەنوێنەری برا ئازەری یەکان دەکات کاری گەری لەسەر دیاری کردنی سنورەکانی کوردستان

دادەنـێ و نەناوبراو دەتوانێت جارێکـی دیکـە هەڵەیەکی وامێژویی بکاتەوەو چراسەوز بۆ برا ئازەریەکان و چراسەوز بۆ ئەمیر نازمـی ئفشار لێبدات و خاکـی کوردستان بدات بەئازەلیەکان. وە هەروەها کـاك مستەفای هیجری ناتوانـێ لـە وەڵامی پرسیارێکدا کە لە2ی مارسی 2007ی زایینـی لـەلایـەن رۆژنامەوانێکـی فـەرەنسـی بەنێوی سیسۆن هایتۆن, هەوالگری ڕۆژنامەی (لۆمۆند ) سەبارەت بەبوونی هێزەکانی پارتی ئازادی ژیان لەباشورو ڕۆژهەڵاتی کوردستـان کەلەلایـەن خەڵکـی ناوچـەو شارو شارۆچکەکانی رۆژهەڵاتـی کوردستـان دامەزراوەو هەرمانگ و هەفتەیـەك بەتۆڵەی شەهیدانی خەڵکی کوردستان چالاکـی لـەدژی هێزە داگیرکەرانـی رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران ئەنجام دەدەن , لەوەڵامدا کەدەڵێت : پەژاك دەبێت باشـوری کوردستـان واتا قەندیل بـەجێبێڵێت و پچێتـە باکوری کوردستان لـەوێ دژی رژێمـی تورکیا خەباتـی خۆیان درێژە پێبدەن , کە بەمەعنای پەژاك مافی ئەوەی نی یە لـە رۆژهەڵات و باشور بمێنێتەوەو چالاکی لەدژی داگیر کەران ئەنجـام بدات ؟ ئەم قسانـەی کـاك مستەفای لـە کەناڵەکانی سایتی رێسانـس بـڵاوکراونـەوە کاتێکدا دەبینین کـەحیزبـە کوردیـەکان دەیانەوێ یەکێتی یەکی نەتەوەیـی پێك بێن و ئامانجێکـی هاوبەشی نەتەوەیی دیاری بکەن ,بەڵام بەپێچەوانە کاك مستەفا بـەخۆی و بەشێك لەحیزبی دیموکراتـی کوردستان لـەباشوری کوردستان لەسـەروی دیواخانـی حکومەتی هەرێمی کوردستان دانیشتووەو دەخواو دەنوێو لەجیاتی حکومەت وپارتی و یەکیەتـی بڕیاری دەرکردنی پ ژاك لــە قەندیل و باشــورو ڕۆژهەڵات دەدات، سەیر ئەوەیە کەناوبراو باشورو باکورو رۆژهەڵاتـی لـێ تێکـەڵ بووەو بـۆ خۆشی و تاقمەکەشی نازانن لەکوێ نیشتەجـێ کـراون ودانیشتون ولەجیاتی حکومەتی هەرێم بڕیار لەسەرحیزبەکانی کوردستـان دەدەن و سنور بـۆ تێکۆشانیان دیاری دەکەن .

ئەو هەڵوێست ورەفتارەی کاك مستەفای ناراستەوخۆ نەوعێك پشتیوانــی کردنە لەپیلانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و کەلەگەڵ هیچ ئسـوڵ و پرنسیپێکی سیاسی نەتەوەیی ئەوسەردەمەی گەلی کوردستانـدا ناگونجێت دەبێ بۆخۆی وەڵامی ئەم کردەوە ونانەتەوەیانە بداتەوە.گەلی کوردستانیش مافی خۆیەتی هەرجۆرە حەرەکات و دانوستان و وتوو وێژێکی سەرکردەکانی کورد لەگەڵ دوژمنان و هەروەها نەتەوەکانـی دیکەی ئێرانی بخاتـە ژێر تیشکی لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوەی لەسـەر بکات . بـۆ وەبیر هێنانـەوەی هەمووئەوکەسانەی کەرۆلی پێش رەوی کردنیان لەبزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردستاندا هەیە بـۆ نموونە: ئاماژە بەدوو بەسەرهاتی دڵ تەزێن و زیان باردەکەم کەلەئاکامی هەڵەی سکرتێرە شەهیدەکانی حیزب بەسەر حیزبی

دیموکراتی کوردستانی ئێران وخۆیاندا شکاونەوە :

1- ئـەگەر شەهید دکتۆر قاسملوو وەك سکرتێری حیزبـی دیموکراتـی کوردستانی ئێران پرسی بەئەندامانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی حیزبەکەی خۆی کردبـا هەرگیـز لەگەڵ مۆرەکانـی دەزگا ئیتلاعاتــی و جاسوسانی رژێمی کۆماری ئیسلامی بەنێوی هەیئەتی نوێنەرایـەتی ڕژێـم دانیشتنی نەدەکردو نەیان دەتوانی تیرۆری بکـەن , کـەشەهید بونەکـەی زەرەدو زیانێکی زۆری لەحیزبی دیموکرات و کوردستانی ئێرانـدا .

2- کۆبونەوەی دکتۆر سەعیدی شەرەف کەندی سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئەگەر بەهۆشیاری و بەتێبینی یـەوە لەگەڵ نوێنەرانــی حیزب و ڕێکخراوە ئێرانیەکان کۆبوبایەوە,بێگومان دوژمنان نەیان دەتوانی لـەو کۆبونەوەدا تیرۆری بکەن کەشەهید بونەکەی داخێکی گەورەی لەسـەر دڵـی ئەندامانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێراندا نـا . ئەگەر کاك مستەفای هیجریش وەك سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانــی ئێـران بشکێننەوەو دەبوو کاك مستەفای و هاوبیرانی لەو دوو رووداوە دڵ تەزێنـە ئەزمون وەربگرن و چیتر لەجیاتی حیزبەکانی کوردستانی بیرنەکەنەوە ئاوا هەڵسوکەوت لەگەل دوژمنانی کوردو نەیارانی حیزبی دیموکراتی کوردستان نەکەن کەلەمەوپێش هەڵسوکەوتیان کردوە , درەنگ یا زوو دەبــێ ســزای هەڵەکانی خۆیان بچێژێن و هاوبیرانی پەنجەی دەستەکانیان بشکێننەوە .

هیوادارم حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بتوانێت بە بەخۆدا چونەوەیەکی فۆڕمی و بەوەبەرچاو گرتنی پاراستنی بەر ژەوەندی گشتی نەتەوەی کورد گۆڕانکاری بەسەرخۆی دابهێنێت و هەنگاو بەهەنگاو بەرەو خۆ نووێ کردنەوەو چاك سازی بچێت و نەبنە دەستەواژەی دەوڵەتانی داگیرکەرو و نەیارانی گەلەکەمان و لەوە زیاتر کۆسپ و تەگەرە نەخەن بەردەم تێکۆشانی کورد .